تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5934) دووشەممە 17ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن پۆست:

داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە

K24/ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمەریکی، واشنتن پۆست، ڕایگەیاند، کوشتنی ئەبو بەکر بەغدادی سەرکردەی داعش زیانی بە توانای ئەو گروپە نەگەیاندووە لە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان. هۆشداریش دەدات کە ئێستاکە داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە.

هەروەها مەسرور بارزانی ئاماژە بەوەش دەکات، داعش هێرشەکانیان بۆ سەر هێزە ئەمنییەکان لە عێراق زیاتر کردووە و ئەو نیگەرانییەشی لەبارەی خۆڕێکخستنەوەی داعش لە ناوچەکە گەیاندووەتە مایک پۆمپێیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەمیانەی کۆبوونەوەیان لەپەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن. هەروەها مەسرور بارزانی ڕایگەیاند کە هیواداره بەغدا و واشنتن بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

ڕاگەیێندراوی هاوبەشی کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

پێویستە حکوومەتی داهاتووی عێراق لە سەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانیی بێت

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەبێ ببێتە کاری لە پێشینەی حکوومەتی داهاتوو



دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز محەمەد حەلبوسی سەرۆکی هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی ڕەهەندەکانی ڕەوشی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق کراو، لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکەش، هەردوو لا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

1- کارکردن لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان لەپێناو دەربازبوون لەو تەنگژەیەی ئێستا و بەشداریکردن لە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی خواروو عێراق.

2- پێویستە حکوومەتی داهاتووی عێراق نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بکات و، لە سەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانیی بێت.

3- دەبێ بەرنامەی حکوومەت بە ڕوونی ئاماژە بە ئامادەکاریی بکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بەزووترین کات، وەک جێبەجێکردنی خواستی خۆپیشاندەران و، ئەم بابەتە دەبێ ببێتە کاری لە پێشینەی حکوومەتی داهاتوو.

4- پێویستە بەرنامەی حکوومەتی داهاتوو پلانێکی ڕوون و ئاشکرا لەخۆ بگرێ بۆ گێڕانەوەی شکۆ بۆ دامودەزگەکانی دەوڵەت و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و، کۆتاییهێنان بە دەستوەردانی دەرەکی و، هێشتنەوەی چەک تەنها بەدەست دەوڵەتەوە و، نەهێشتنی دیاردەی چەکدارە نافەرمییەکان.

5- بەردەوامیی کاری هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە پێناو یارمەتیدانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر و زاڵبوون بەسەر پاشماوەی تیرۆریستانی داعشدا.

6- کارکردن لە پێناو بەردەوامبوونی پەیوەندیی دوولایەنە ئەویش لەپێناو هەماهەنگکردنی هەڵوێستەکانی هەردوولا و هاوبەشەکانی تر.



ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، بە سەرۆکایەتی شاندێکی حکومی، گەیشتە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا. لە ڕۆما سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لەگەڵ جیوزێپێ کۆنتێ، سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا و چەندین بەرپرسی باڵای دیکەی حکومەتی ئیتاڵیا کۆدەبێتەوە و گفتوگۆ دەربارەی هەماهەنگییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەکرێت. هەروەها لە سەردانەکەدا شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتوون لە دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردن و ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندن و پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی و خالید شوانی وەزیری هەرێم ، دەرفەتەکانی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ئیتاڵییەکان تاوتوێ دەکەن.

پاشان لە ڤاتیکان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، لەگەڵ قەداسەتی پاپا کۆدەبێتەوە و باسی پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە پێکەوەژیانی ئاینیی و هاندانی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان دەکات.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەماهەنگییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پێشکەوتنەکانی دژ بە داعش لە عێراق و هەرێمی کوردستان و جیهان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئیتاڵیا گفتوگۆی کرد.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پاپای ڤاتیکان کۆدەبێتەوە

مەسرور بارزانی: لەگەڵ قەداسەتی پاپا باسی گرنگی پێکەوەژیانیی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەکەین

سەردانەکەی بۆ ئیتاڵیا و ڤاتیکان ڕایگەیاند: «لەگەڵ قەداسەتی پاپا باسی گرنگی پێکەوەژیانیی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەکەین. شانازی دەکەین کە هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریداوە بۆ بەرەپێشبردنی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و ڕەخساندنی کەشێکی ئارام بۆ پەیڕەوانی تەواوی ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان».

هەرێمی کوردستان پارێزگایەک نییە تا بێ پرس خەڵک ببرێت و بکرێتە وەزیر

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەرێمی کوردستان پارێزگایەک نییە لەعێراق، تا محەمەد عەلاوی بێ ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبەکان، وەزیر لەنێو هەرێمدا بۆ وەزارەتەکان دەست نیشان بکات. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا ، خەسرەو گۆران، دەڵێت: کەسی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت، دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی حزبەکان بکات. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بەڕێرسی لقی 15ی خانەقین بۆ «خەبات»:

داعش ژیانی هاووڵاتیانی لە ناوچە کوردستانییەکانی خستووەتە مەترسییەوە

بەرپرسێکی پارتی باس لەوە دەکات هاوشێوەی شەڕی بەردیی، بە پەلاماردان و پاشتر بە پاشەکشەکردن، تیرۆریستانی داعش بوونەتە مەترسی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



ژمارەی ئەو گەشتیارانەی بەهۆی بەفرباریناوە ڕوویان لە ئاکرێ کردووە زیادبووە

هاتنی بەفری زستانە گەشتیاران لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق بۆ دەڤەری ئاکرێ ڕادەکێشێ و ئاکرێش بە دیمەنە جوانەکانی و خواردنە تایبەتیەکانی پێشوازییان لێدەکات. گەشتیارێک دەڵێت: بەفری ئەمساڵ جیاواز بوو لە دەسااڵی ڕابردوو و بەیانی ئەو ڕۆژەی کە بەفر باری هەموو ڕێگەکانی چوونی ئاکرێ گیرا. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

چین.. هەزار و 666 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە

کاربەدەستانی چین ڕایانگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەسەرتاسەری ئەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

دادگای فیدراڵی سکاڵایەک لە دژی وەزارەتێکی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکاتەوە

دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق سکاڵایەک لە دژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەتدەکاتەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

63٪ی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بۆ هۆکاری خێرا لێخوڕین بووە



ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی پابەند نەبوونی شوفێران بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ لە زیاد بوونداید ،لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە کارمەندانی هاتوچۆ ڕێنمایی تەواو بەشوفێران دەدەن، بۆئەوەی دووبرن لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی تێڕ ڕۆیشتن و پابەند نەبوونی شوفێرانە بەیاساکانی هاتوچۆ.

(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل7 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی دەکات

سەرۆک بارزانی: شەڕی دژی تیرۆر لووتکەی هاوکاریی و دۆستایەتیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بوو



دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی کۆنگرێسی ئەمەریکی کرد کە پێکهاتبوو لە سێناتۆر جێمس ئینهۆف ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا و بەرپرسی لیژنەی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا و سەرۆکی شاندەکە و سێناتۆر جۆن بووزمەن و سێناتۆر ماریۆن مایکل ڕۆندز و سێناتۆر کێڤین کرامێر ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران و ترێنت کێلی و تیمۆسی والبێرگ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا.

لەم دیدارەدا کە ماسیو تیولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق ئاماژەی بوو، بارودۆخی سیاسیی و دواپێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و شاندی میوان ئامانجی سەردانەکەیان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان خستەڕوو و جەختیان لە دۆستایەتیی و پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان گەلی ئەمەریکا و گەلی کوردستان کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی گەل و حکوومەت و سوپای ئەمەریکای کرد کە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا پشتیوانی گەلی کوردستان بوونە و پێزانینی هەبوو بۆ دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و گەلی ئەمەریکا و ڕایگەیاند شەڕی دژی تیرۆر لووتکەی هاوکاریی و دۆستایەتیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بوو.

لە بەشێکی تری ئەو دانیشتنەدا بیرورا لەبارەی ڕێگەکانی گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق و هەڕەشەکانی تیرۆر لەسەر ئاساییشی جیهانی ئالۆگۆڕ کرا.

مەسرور بارزانی بۆ تێلیگراف:

لە راگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعشدا پەلە کرا

K24/ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی تێلیگراف تیشکی خستوەتە سەر مەترسییەکانی داعش و ناسەقامگیرییەکانی ئێستای ناوچەکە.

لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی تێلیگرافی بەریتانی مەسرور بارزانی ڕایگەیاندووە، ئەمەریکا و بەریتانیا پەلەیان کرد لە ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعشدا و کشانەوەی خێرای هاوپەیمانی کارێکی باش نییە.

ئاماژەی بەوەش کردووە، دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر داعشدا، هاوکارییەکان لاوازبوون، ئەمەش دەرفەتێک بوو بۆ داعش و جارێکی دیکە بووەتەوە هەڕەشە لەناوچەکە. داواش دەکات، پاڵپشتی و هاوبەشی ڕاستەقینە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا هەبێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتاییدا دەڵێت، هیوا خواستن ئێمە بە هیچ شۆێنێک ناگەیەنێت چونکە وەک کورد بوینەتە قوربانی ڕابردوو و ئێستاش و ترسمان لە داهاتوو هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: ئەمەریکا دەیەوێت هاوکاری کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان بکات

وڵاتانی جیهان ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەناوچەکەدا بە گرنگ دەبینن

داوامان کردووە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە هەند وەربگیرێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، کۆبوونەوەی گرنگمان لە میونشن ئەنجامدان. ئەمەریکا دەیەوێت لە کەرتی وزە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات و بەپێوبست دەزانێت لە پێکهێنانی حکوومەتی عێراق تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت. دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی لە میونشن ئەنجامدا لەبارەی دیدار و کۆبوونەوەکانی لە سێ ڕۆژی ڕابردوو و ڕایگەیاند: وڵاتانی جیهان ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەناوچەکەدا بە گرنگ دەبینن و دۆستایەتی و پشتیوانییان بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.

ئەمەش دەقی هەڤپەیڤینەکەیە:

*** بەڕێزتان چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگتان لە میونشن ئەنجامدا، لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکا باسی چیتان کرد و چ بەڵێنێکیان پێدان؟**

مەسرور بارزانی: لە میانی کۆنفرانسی میونشن، کۆبوونەوەی زۆر باشمان لەگەڵ زۆربەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە کردووە، یەکێکیش لەوانە وەزیری وزەی ئەمەریکا بووە، کە لەسەر هاوکاریکردن و پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە کەرتی وزە قسەی زۆرمان کردووەو ئەوان زۆریان پێخۆشبوو لە کەرتی وزە پەرە بە پەیوەندییەکان بدەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

*** لەسەر هیچ شتێک ڕێککەوتنتان ئەنجام دا؟**

مەسرور بارزانی: ئێمە لەسەر ئەو بابەتە قسەی زۆرمان کردووە، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە دواتر بتوانین قسەی زیاتری لەسەر بکەین لەڕووی تەکنیکییەوە.

*** لەکاتی سەردانی دیپلۆماسی دانانی ئالا و دانانی ناونیشانی پۆست زۆر گرنگە، ئەوەی تێبینی کرا لە دیدارتان لەگەڵ وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی ئەمەریکا ناوی جەنابتان وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نووسرابوو، بەڵام لە سالانی ڕابردوو هەمیشە ناوی عێراقی بەدواوە بوو، ئایا ئەمە تا چەند گرنگە بۆ دیپلۆماسیەتی کوردی؟**

مەسرور بارزانی: من نازانم ئەوان چۆنیان باسکردووە، بەڵام ئەوان پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها لەگەڵ حکوومەتی عێراقیش پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، تایبەتمەندی کوردستان هەمیشە لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان و دۆستی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو گیراوە ئەمسالیش بە هەمان شێوە گرنگییەکی زۆریان بە هەرێمی کوردستان داوە.

*** لە هەموو دیدار و کۆبوونەوەکان پێگەی گرنگی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو گیراوە، تێڕوانینی لایەنە دەرەکییەکان لەسەر ڕەوشی ئێستا عێراق چی بووە؟**

مەسرور بارزانی: دۆخی ناوچەکە بە گشتی بۆ ئەوان گرنگە، هەرێمی کوردستانیش وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گرنگ دەزانن، ئەو پرسیار و پێشنیاز و ئالۆگۆڕکردنی زانیاری و بیرورا لەسەر ئەو بابەتە بۆ ئەوەبووە کە ئێمە تا چەند دەتوانین ڕۆڵێکی کاریگەر ببینین بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و بەرەوپێشخستنی بارودۆخی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی.

*** بەڕێزتان لەگەڵ چەندین بەرپرسی عێراق کۆبوونەوە، لەمیانی کۆبوونەوەکانتان پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێتی حکوومەتتان تاوتوێ کردووە، ئایا کابینە نوێیەکە کە دەگوترێت ئامادەیە هیچ پرسێک بە هەرێمی کوردستان کراوەو هیچ وەزیرێکی کورد لە کابینە نوێیەکەی محەممەد تۆفیق عەلاوی هەن؟**

مەسرور بارزانی: تا ئێستا ئەنجامەکان دیار نین، ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە بەڕێز محەممەد تۆفیق عەلاوی بەنیازی ئەوەیە کابینەکەی ڕابگەیێنێت. بۆ ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان گرنگە تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لە حکوومەتی عێراق مافە دەستوورییەکانی پێناسە بکرێت و ڕێزی لێبگیرێت، چونکە ئێمە تایبەتمەندییەکی جیاوازمان هەیەو داوای ئەوەمان لێکردووە کە پێویستە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دامەزراوە فەرمی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەستنیشان بکرێت.

*** لە کۆبوونەوەتان لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ، باسی مافی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانتان کرد، بە دیاریکراوی داوای چیتان لێیان کرد؟**

مەسرور بارزانی: داوامانکردووە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە خەریکن خێرایان ڕێکدەخەنەوە، مەترسییان نەک تەنها بۆ سەر عێراق، بەڵکو بۆ سەر ناوچەکە و هەموو دونیاش هەیە. بۆیە پێویستە زانیاری لەلایەن لایەنەکان بەشدارەکان و هاوپەیمانان ئالۆگۆڕ بکرێت، لە هەمان کاتیشدا داوای ئەوەمان کردووە ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی سەرهەڵدانەوەی داعش بنبڕ بکرێن، ئەمەش بە هاوکاریکردنی خەڵکی ناوچەکە و باشترکردنی دۆخی ژیان و ئابووری ناوچەکە و سەقامگیری سیاسی لە ناوچەکە دەتوانێت هاوکارییێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی داعش و تیرۆریزم.

*** کۆبوونەوەتان لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، گرنگ بوو، لەو کۆبوونەوەیە باسی چیتان کرد؟**

مەسرور بارزانی: ئێمە دراوسێی یەکترین، باسی ئەوەمان کرد کە ئێمە نیگەرانی هاوبەشمان هەیە لەسەر تێکچوونی باری ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی، هاوکات داکۆکیمان لەوەکرد کە پێویستە ڕێزی هەردوولا بگیرێت لەسەر ئەو بنەمایانەی کە بەلای ئێمەوە گرنگن بەتایبەتی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە پێویستە ڕێزی هاوبەش هەبێت لە هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە ناوچەکە.



داعش مەترسییەکی جیددیە و خەریکن خۆیان ڕێکدەخەنەوە

سەرچاوە/ ڕووداو



دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن لەگەڵ مەولود چاووشۆغڵۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. جەخت لە هەماهەنگی زیاتر کرا لەپێناو سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و ناوچەکە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بەریتانیا دەکات

جەخت لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن، پێشوازیی لە مارک سیدویل ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بەریتانیا کرد.
لە دیدارەکەدا جەخت لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا کرایەوە. هەروەها پەرەپێدانی هەماهەنگی زیاتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی داعش و هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە تاوتوێ کرا.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران کۆدەبێتەوە

جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و ناوچەکە کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی لە شاری میونشن لەگەڵ محەمەدجەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبووەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا، گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران تاوتوێ کرا، جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و ناوچەکە کرایەوە.
هەردوولا هاوڕابوون لەسەر هەبوونی پەیوەندییەکی دراوسێیانەی باش لە سەربنەمای ڕێز لەیەکگرتن. هەروەها گفتوگۆش دەربارەی گرفت و ئاستەنگەکانی ئاسایش لە ناوچەکەدا کرا.




سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەکات

مەسرور بارزانی: پێویستە ڕێز لە قەواڕە و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگیرێت

جان ئیف لۆدریان پشتیوانیی فەڕەنسای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە

ڕۆژی شەممە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن پێشوازیی لە جان ئیف لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کرد.
لە کۆبوونەوەکەدا گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق تاوتوێ کرا.وەزیری دەرەوەی فەرەنسا پشتیوانیی ولاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و ئاماژەی بە گرنگیی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانیی بەردەوامیی فەرەنسای لە هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر گەلی کورد کرد. لە بارەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراقیش، جەختی کردەوە کە پێویستە ڕێز لە قەواڕە و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگیرێت و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، نوێنەرەکانی هەرێم لە حکوومەتی نوێی عێراق دەستنیشان بکەن.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگری کەنەدا دەکات

ڕۆژی شەممە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری میونشن پێشوازیی لە هارجیت سەججان وەزیری بەرگری کەنەدا کرد.
لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری بەگری کەنەدا ئاماژەی بەوەدا کە ولاتەکەی بەردەوام دەبێت لە هاوکاریی و ڕاهێنانەکانیان بە هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی کەنەدای کرد بۆ هاوکارییەکانی و جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە هەوڵی نەهێشتنی ئەو فاکتەرانە بدرێت کە زەمینە بۆ سەرهەڵدان و چالاکبوونی تیرۆر دەرەخسێنن. وەزیری بەرگری کەنەدا هەروەها ستایشی هەرێمی کوردستانیشی کرد کە بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئاوارە و پەنابەران.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبووەوە

مەسرور بارزانی: پشتیوانی لە حکوومەتێک دەکەین کە پابەندبێت بە قەواڕەی فیدرالی و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان

ڕۆژی شەممە 2020/2/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفڕاسی ئاسایشی میونشن لەگەڵ محەمەد ئەلحەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبووەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دواینێ گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە و هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق کرا.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە حکوومەتێک دەکات کە پابەندبێت بە قەواڕەی فیدرالی و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمیش، وەزیرەکانی هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی نوێی عێراق دەستنیشان بکەن.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری دەرەوە دەکات

نیلس ئانن: هەرێمی کوردستان نموونەیەکی گەشی دەسەڵاتداریە لە عێراقدا

دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن پێشوازیی لە نیلس ئانن وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری دەرەوە کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەبارەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا کرا.
وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری دەرەوە ستایشی سەقامگیریی و گەشەسەندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی گەشی دەسەڵاتداریە لە عێراقدا.
لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگی پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و سوپای عێراق کرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا وردەکاریی کۆبوونەوەکەی مەسرور بارزانی و سێرگی لاڤرۆڤ ڕادەگەیەنێت



وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی نێوان وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئاشکرا کرد.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا ئاماژەی بەوە کرد، ڕۆژی شەممە 15ی شوباتی2020 و لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لەگەڵ مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە.

ئاماژەش بەوە دراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا باس لە کاراترکردنی هەماهەنگییەکانی بواری وەبەرهێنان و وزە و سووتەمەنی و هاوکارییە مرۆییەکان لە نێوان مۆسکۆ و هەولێر کراوە و هاوکاریکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگەگرتن لە زیاتر داڕووخانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاش جەختی لێ کراوەتەوە. هەر بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، لە کۆبوونەوەکەی لاڤرۆڤ و مەسرور بارزانیدا باسی ئاساییکردنەوەی دۆخی سووریا بە لەبەرچاوگرتنی مافی هەموو گەلان و گرووپە نەتەوایەتییەکان کراوە.

دادگای فیدراڵی سکاڵایەک لە دژی وەزارەتێکی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکاتەوە

دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق سکاڵایەک لە دژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەتدەکاتەوە. دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 ئیاس سامۆک، گوتەبێژی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، دادگاکە دانیشتنێکی لەسەر سکاڵایەک لە دژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی هێماکان لە هەرێمی کوردستان، ساز کردووە.

داواکار داوای لە دادگاکە کردبوو تۆمارکردنی هێما بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نایاسایی هەژمار بکرێ، چونکە ناکۆکە لەگەڵ یاسای 31ی ساڵی 1957ی هەموارکراوی عێراق. ئیاس سامۆک هەروەها ڕایگەیاندووە، دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق سکاڵاکەی ڕەتکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە ، ئەرکی دادگای فیدراڵی چاوخشاندنەوەیە بەو یاسایانەی لەگەڵ دەستوور ناکۆکن، نەک ئەو یاسایەی لەگەڵ یەکتر ناکۆکن. هەروەها گوتەبێژەکە ئەوەشی ڕاگەیاند: بەڕێوەبەرایەتی هێماکان سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی یاسا هەنگاو دەنێت.

خەسرەو گۆران: هەرێمی کوردستان پارێزگایەک نییە لە عێراق تا بێ پرس خەڵک ببڕێت و بکرێتە وەزیر

ئێمە کێشەمان لەگەڵ حکوومەتەکاندا هەیە کە دەستووریان جێبەجێ نەکردووە



ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە هەرێمی کوردستان پارێزگایەک نییە لەعێراق، تا محەمەد عەلاوی بێ ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبەکان، وەزیر لەنێو هەرێمدا بۆ وەزارەتەکان دەست نیشان بکات. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، خەسرەو گۆران ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، دەڵێت: کەسی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت، دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی حزبەکان بکات.

گۆران دەشڵێت: کورد شەریکە لە عێراقدا، بۆیە دەبێت شەراکەت و هاوسەنگی بپارێزرێت، ناکرێت کەسێک لە هەرێمەوە ببڕێت و بکرێتە وەزیر، بڵێن: ئەمە شەریکایەتیە، خۆ تەها جەزراوی لەحکوومەتی بەعسدا وەزیر بوو، بەڵام چی بۆ کورد کرد؟.

سەبارەت بەهەڵوێستی حزبە کوردییەکان، لەحاڵەتی دانەنانی کاندیدی حیزبە کوردییەکان لە وەزارەتەکاندا، خەسرەو گۆران ڕایگەیاندووە: ئێمە زیاتر لە 60پەرلەمانتارمان هەیە، ئەوکات هەڵوێستمان دەبێت.

خەسرەو گۆران جەختیشی لەوە کردۆتەوە کە نێوان سەرۆک بارزانی و پارێزگارەکانی عێراق بەشێوەیەکی سەرەکی و سونەکانی دەستوور ئەو مافەی پێداون.

ڕوونیشی کردەوە جموجۆڵی سوننەکان لە دەرەوەی عێراق بووە نەک لە هەولێر، جموجۆڵەکانیشیان بە ئاگاداری ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبی بووە، ئەگینا بوونیان لە هەولێر و سلێمانی هۆکارەکەی ئاوارەبوونیانە، گوتیشی: ئیمارات و سعوودیە ناکۆکییان لەگەڵ ئێران هەیە، پێیانخۆشە سوننەکانی عێراق ڕۆڵیان هەبێت.

لەکۆتایی قسەکانیشیدا بۆ دەنگی ئەمەریکا، خەسرەو گۆران ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، باسی لە هەوڵی لایەنە شیعەکان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق کردووەو ڕایگەیاندووە: پەیوەندی هەرێم لەگەڵ ئەمەریکا وڵاتانی هاوپەیمان بەهێزە، کورد لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراقدا نەبوو بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا.

عێراق بەشیعە و سوننەوە دەنگی ئەمەریکا، خەسرەو گۆران ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، باسی لە هەوڵی لایەنە شیعەکان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق کردووەو ڕایگەیاندووە: پەیوەندی هەرێم لەگەڵ ئەمەریکا وڵاتانی هاوپەیمان بەهێزە، کورد لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراقدا نەبوو بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا.

خەسرەو گۆران جەختیشی لەوەش کردۆتەوە: ئێمە ناتوانین لەبری سوننەکان بڕیار بدەین، ئەوان خۆیان ئازادن چۆن بڕیار دەدەن، گەر داوای هەرێم بکەن، پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە و ئێمە خۆشەویستی هەموو عێراقین و ئامادەین هاوکاری هەموو لایەک بکەین بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ هەموو عێراقیان دابین بکرێت.

هۆشیار سیوەیلی و کۆنسوولی گشتیی ئەڵمانیا کۆبوونەوە باربارا وڵف: دڵخۆشین کە حکوومەتی هەرێم چاکسازی و خزمەتی زیاتری هاووڵاتیانی کوردستانیان کردووەتە ئامانجی سەرەکی



خاتوو باربارا وڵف، کۆنسوولی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەگەڵ هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەب کۆبوونەوە. هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشوازی لە خاتوو وڵف کرد و سەرەتا سوپاسی گەل و حکوومەتی ئەو وڵاتەی کرد بۆ پشتیوانی و پێشکەشکردنی هاوکاری بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لە میانەی ئەو دیدارەدا، کورتەیەک دەربارەی دۆخی ئێستای هەرێم و عێراق و هەڵوێستی پارتی لە بارەیانەوە خرایە ڕوو. دەربارەی ڕەوشی ئێستای عێراقیش، بەڕێز سیوەیلی دووپاتی لە هەڵوێستی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە، کە بڕیتییە لە پشتیوانیکردنی حکوومەتی فیدراڵ لە جێبەجێکردنی دەستوور و فەراهەمکردنی داخوازییەکانی گەلانی عێراق و، داخوازیی خۆپیشاندەرانیشی بە ڕەوا وەسف کرد.

دەربارەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی فیدراڵ، هۆشیار سیوەیلی جەختی کردەوە: ئێمە ڤیتۆمان لە سەر کەس نییە ئەگەر بتوانێت دەستوور وەک خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقە و لەو باوەڕەداین گرفت و بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەکات. لای خۆیەوە خاتوو باربارا وڵف، سوپاسی ئەو دەرفەتەی کرد و پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. بەڕێزیان ڕایگەیاند کە حکوومەتی وڵاتەکەی ئامادەیە بۆ هاوکاریی زیاتری عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفت و کێشانەی کە تووشی هاتووە.

خاتوو وڵف، هەروەها پشتیوانیی حکوومەتی ئەڵمانیای بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی دووپات کردەوە و گوتی، ئەوان بە کارەکانی حکوومەتی هەرێم دڵخۆشن کە چاکسازی و خزمەتی زیاتری هاووڵاتیانی کوردستانیان کردووەتە ئامانجی سەرەکی، دەشڵێ: وەک لە ڕابردوودا پشتیوان بووین، دڵنیاتان دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە هاوکارییە مرۆیی و لۆجستی و سەربازییەکان بۆ ئەوەی هەموان پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو مەترسیانە ببینەوە، کە هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیریی هەموان دەکەن.

بەرپرسی لقی 15ی خانەقین بۆ خەبات: داعش ژیانی هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکانی خستووەتە مەترسییەوە

بەرپرسێکی پارتی باس لەوە دەکات هاوشێوەی شەڕی بەردیی، بە پەلاماردان و پاشتر بە پاشەکشەکردن، تیرۆریستانی داعش بوونەتە مەترسی بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان. شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: ماوەیەکە تیرۆریستانی داعش، هاوشێوەی شەڕی بەردیی و بگرە زیاتریش بوونەتە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان لە ناوچە کوردستانییەکان، بەتایبەت لە سنووری خانەقین.

گوتیشی: تیرۆریستانی داعش بە هێرشی لەناکاو کە پاشتر هەڵدێن، ژیانی هاووڵاتیانیان خستووەتە مەترسییەوە و نەتوانراوە پێش بەو هێرش و مەترسییانە بگیرێت. ئەو بەرپرسەی پارتی ڕاشیگەیاند: داعش لە سنووری خانەقین و دەوروبەری جموجۆڵی دەست پێ کردووەتەوە.

دەستڕێژی گوللە لە دوو کرێکاری چینی لە کێڵگەیەکی نەوتی باشووری عێراق دەکرێت



دوو کارمەندی کۆمپانیای نەوتی چینی "پیترۆچاینا" لە کێڵگەی نەوتی حەلفایە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای میسان باشووری عێراق لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە تەقەیان لێکراو و بەهۆیەوە بریندارببوون. دوێنێ یەکشەممە 2020/2/16 کۆمپانیای نەوتی میسان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، دەستڕێژی گوللە لە دوو کرێکاری چینی لە کێڵگەیەکی نەوتی باشووری عێراق کراوەو دوو کرێکارەکەش لە کێڵگەی نەوتی حەلفایە کاریان دەکرد. کۆمپانیای نەوتی میسان هەروەها ڕایگەیاندووە، چەکدارانی نەناسراو دەستڕێژی گوللەیان لەو دوو کرێکارە کردووە و بەهۆیەوە هەردووکیان بە سەختی بریندار بوون.

جێی باسە بەهۆی ناکارایی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق، دەیان گرووپ و میلیشیای چەکداریی تووندڕەو، تاوانکاری و تیرۆریستی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بڵاو بوونەتەوە، کە بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندیی ئەو لایەنەی کاری بۆ دەکەن، کردەی تاوانکاری و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

کۆمپانیای نەوتی چینی "پیترۆچاینا" لە 2009ـەوە کاری وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی حەلفایە، بەزرگان، فکەکە و ئەبوغورابـ کە سەربە کۆمپانیای نەوتی میسانن دەکات.

تەلەعفەر.. تیمێکی نێودەوڵەتیی تاوتوێی هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەکەن

ڕووفاتی هەزار کەسی تیادایەو 600 لە قوربانیانی کوردە ئێزدییەکانن



تیمێک لە لێژنەی نێودەوڵەتیی بۆ کاروباری ونبووەکان و کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق سەردانی شاری تەلەعفەریان کرد؛ بۆ تاوتوێکردنی ڕێکارەکانی هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ کە ڕووفاتی نزیکەی هەزار کەسی تیادایە و لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە کوژراون. ئەندامی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، عەلی بەیاتی ڕایگەیاند، گۆڕە بەکۆمەڵەکە دەکەوێتە دەوروبەری تەلەعفەر و بەپێی گوتەی شاهێدحاڵەکان ڕووفاتی نزیکەی هەزار کەسی تیادایە کە 600 لە قوربانیانی ئێزدییەکانن.

بەیاتی گوتیشی: ئەو قوربانیانە لەو کاتەدا کوژراون کە ناوچەکە لەژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا بووە. بەیاتی ئاماژەی بەوەشکرد کە شاندێکی کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و لێژنەی نێودەوڵەتیی بۆ کاروباری ونبووەکان لە میانی سەردانیان بۆ ناوچەکە، چاویان بە کەسوکاری قوربانییەکان کەوت. ڕاشیگەیاند لێژنەی نێودەوڵەتیی بۆ کاروباری ونبووەکان یارمەتی حکوومەتی عێراق دەدات لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

ئەندامەکەی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ئاشکرایشی کرد، بەپێی یاسا، ئەرکی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە ئەستۆی دەزگای شەهیدانە. عەلی بەیاتی هەروەها گوتی: ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە پێشتر بۆمبڕێژکرابوو، لە ئێستادا بۆمبەکان هەڵگیراونەتەوە، بەڵام هێشتا گۆڕەکە هەڵنەدراوەتەوە. جێی باسە هێزە عێراقییەکان هاوینی 2017 قەزای تەلەعفەریان لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش پاککردەوە، بەڵام تا ئێستا پاشماوەکانی ڕێکخراوەکە ناو بەناو لە ناوچەکانی دەوروبەری قەزاکەوە هێرش و پەلامار ئەنجام دەدەن.



محەمەد جەواد زەریف: دۆنالد ترەمپ ڕاوێژکاری باشی نییە

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕاوێژکاری باشی نییە. محەمەد جەواد زەریف لە پەراوێزی 56هەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشندا کە لە ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت، گوتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هیچ کات دۆنالد ترەمپ خواستی نەبووە گفتوگۆ لەگەڵ تاراندا بکات، چونکە ڕاوێژکارەکانی ئەو باوەڕیان بۆ دروستکردووە کە دەسەڵات لە ئێران ڕووخاوە. وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند کە لەبەر ئەوەیە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕاوێژکاری باشی تایبەت بە ئێران نییە. ئەو گوتیشی: ئەمەریکا ماوەی 41 ساڵە بەبێ هیچ سوودێک هەوڵدەدات دەسەڵات لە ئێران بگۆڕێت، بۆیە پێویستە ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات کە ئێران لە ناوچەکدا بوونی هەیە. ڕۆژی هەینی ڕابردوو کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا دەستپێکرد و دوێنێ یەکشەمە کۆتایی بە کارەکانی هات. لەمیانی کۆنفرانسەکەدا باس لە قەیرانەکانی ئێستا و کۆتسپ و تەگەرەکانی بەردەم ئاسایش لە جیهاندا کرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداربووان هەوڵیاندا پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان و هەماهەنگییە سەربازییەکانی نێوان وڵاتەکەیان بەهێزتر بکەن.



سعوودیە لێدوانێکی وەزیری دەرەوەی ئێران ڕەتدەکاتەوە

فەیسەڵ بن فەرحان: تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ریاز و تاراندا نییە

وەزیری دەرەوەی شانشینی عەرەبستانی سعودیە لێدوانێکی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەتدەکاتەوە. محەمەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە میونیخ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە، دوای کۆژرانی قاسم سولەیمانی، سعوودیە پەیامێکی بۆ ئێران ناردووە و تێیدا ویستی وڵاتەکەی بۆ دانوستاندن لەگەڵ ئێران، نیشان داوە.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)، فەیسەڵ بن فەرحان، وەزیری دەرەوەی سعودیە ئەو لێدوانەی ڕەت کردووەتەوە و ڕایگەیاندووە، تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ریاز و تاراندا نییە.

فەیسەڵ بن فەرحان هەروەها ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی تەنیا یەک پەیامی بۆ ئێران ناردووە، کە پێش کۆژرانی قاسم سولەیمانی بووە. بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 سوپای ئەمەریکا لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، کاروانێکی چەکداریی حەشدی شەعبی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بۆردومان کرد.

بەهۆی بۆردومانەکەوە، هەریەکە لە ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران و نزیک بە ڕەپرس و چەکداری دیکەی حەشدی شەعبی، کوژران. قاسم سولەیمانی، کە لە 1957/3/11 لە گوندی قەنات مەلەک لە شاری کرمان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە دایک بووە. سولەیمانی یەکێک بوو لە فەرماندە و بڕیاربەدەستە باڵاکانی ئێران.

بەغدا.. ئاراستەکردنی چوار مووشەکی کاتیۆشا بۆسەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا

وەزارەتی بەرگریی عێراق باڵاویکردەوە کە چوار مووشەکی کاتیۆشا ئاراستەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا کراون، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیان لێنەکەوتووەتەوە. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە کە دەرنگانی شەوی یەکشەمە، چوار مووشەکی کاتیۆشا ئاراستەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ناوچەی سەوز کراون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، سێ لە مووشەکەکان لەناو ناوچەی سەوز و ئەوەی دیکە لەسەر بارەگای پاڵپشتیکردنی لۆجستی سەربە حەشدی شەعبی لە نزیک کۆلێژی پۆلیس لە شەقامی فەڵەستین کەوتوونەتە خوارەوە. لە ڕاگەیەندراوەکە ئەوەش خراوەتەوەڕوو کە کەوتنەخوارەوەی مووشەکەکان جگە لە زیانی مادەدی، هیچ زیانیکی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە. جێی باسە ناوە ناوە مووشەک ئاراستەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا دەکرێت، بێ ئەوەی هێچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لێ ڕابگەیەنێت.

کوژرانی 10 چەکداری داعش لە ڕۆژهەڵاتی عێراق

سوپای عێراق ڕایگەیاند، لە دابەزینێکی ئاسمانییدا لە پارێزگای دیالە، 10 چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژران. گوتەبێژ بەناوی دەزگای دژە تیرۆر لە سوپای عێراق، سەباح نوعمان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرایکردووە، پشت بەست بە زانیاری هەواڵگریی، هێزێکی تایبەتی سوپا دابەزینێکی ئاسمانییان بۆسەر ناوچەی حەمرین لە پارێزگای دیالە بۆکردنە ئامانجی چەکدارانی داعش، ئەنجامداوە. سەباح نوعمان ئاماژەی بەوەشکرد، لە ئۆپەراسیۆنەکەدا 10 چەکداری ڕێکخراوەکە کوژراون، دوو کۆگای چەک و تەقەمەنی خاپوورکراون و دەست بەسەر سێ پشتنێنی بۆمبڕێژکراودا گیراوە.

گوتەبێژ بەناوی دەزگای دژە تیرۆر لە سوپای عێراق ڕاشیگەیاند، ئۆپەراسیۆنەکە سەربازییەکان بەردەوام دەبێت تا کۆتاییهێنان بە پاشماوەکانی داعش. مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی2017 هێزە عێراقییەکان بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و دوای سێ ساڵ لە شەڕێکی سەخت دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی ئەو ڕووبەرەیان ڕاگەیاند کە بە یەک لەسەر سێی خاکی عێراق هەژماردەکرا و داعش لە هاوینی 2014دا کۆنترۆڵی کردبوو. وێڕای ئەوەی هێزەکانی عێراق داعشیان لە ناوچەکان دەرکردووە و شارەکانیان ئازادکردووە، بەڵام شانە نووستووەکانی ڕێکخراوەکە تا ئێستا بەردەوامن لە هێرشەکانیان لە گوندەوارەکانی پارێزگاکانی کەرکووک، نەینەوا، سەلاحەددین و ئەنبار.

چین.. هەزار و 666 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە



کاربەدەستانی چین ڕایانگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەسەرتاسەری ئەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ هەزار و 666 کەس. لێژنەی تەندروستی حکوومەتی چین ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە دوایین ئاماری ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەمیانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 142 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەسەرتاسەری چین گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ هەزار و 666 کەس. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە بەرزبووەتەوەو گەیشتووەتە 68 هەزار و 500 کەس. شایانی باسە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبای جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد، زۆربەی وڵاتانیش هاووڵاتییەکانیان لە چین گواستەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند.



فریاد محەمەد - ئەڵمانیا

گرنگی بەشداری سەرۆک وەزیرانی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن

ڕۆژی 14ی شوبات، 56مین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بەڕێوەچوو، ئەو کۆنفرانسە سالانە تەگەرە و کۆسپەکانی بەردەم ئاسایشی جیهان تاوتوێ دەکات، ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بەشداری تێیدا کرد، لەو کۆنفرانسەدا سەرۆک وەزیران و پتر لە 500 لە گەورە بەرپرسانی وڵاتانی جیهان بەشداربیان تێدا کرد، بە یەکێک لە گەورەترین کۆنفرانس و کۆنگرە لە سەر ئاستی دنیا دادەنرێ کە تێیدا تاوتوێی دۆخی ئاسایشی دنیا بکات، هەر بۆیەش هەموو چاوەکان دەچنە سەر چالاکی و جموجۆل و دیدارو دیبەت و سیمنارەکانی کۆنفرانسەکە.

لەمیانەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، جگە لەوەی تەنگژەی ئێستە و تەگەرەو ئاریشەکانی بەردەم ئاسایشی جیهان گەنگەشە دەکرێت، هاوکات پەیوەندی دیپلۆماسی، هەماهەنگی سەربازی، ئاسایشی ئەنتەرنێت، جەنگ دژ بە داعش، وزە و بواری تەندروستی باسیان لێوە دەکرێت، ئەم بوارانەش هاوشێوەی پرسی ئاسایش بگرە زیاتریش بە لای هەرێمی کوردستان دا جێی بایەخە، بۆیە بە لای شاندی کوردستان لە بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لەم بوارانەش دا پەیوەندی و هەماهەنگیەکان لەگەل وڵاتانی جیهان بەوەی پێ بدرێت.

کورد بە گشتی بە گرنگییەوە سالانە بەشداری لە کۆنفرانسی میونشن دەکات، هاوکات وڵاتانی ڕێکخەر و بەشداریش گرنگی بەشداری هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی باڵا دەبینن، بۆیە لەمیانی بەڕێوەچوونی ڕۆژەکانی کۆنفرانس چەندین دیدار و کۆبونەوەی فەرمی لە نێوان شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران لەگەڵ سەرۆک وەزیران و گەورە بەرپرسانی وڵاتان کە بەشداری ئەو کۆنفرانسەیان کردووە بەڕێوەدەچێت.

بەو پێیەی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو جوگرافیایەکی پڕ لە کێشە، وڵاتانی دراوسێی لە ناو دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسیی و تەناهیی و جڤاکی دان، تیرۆر لەو ناوچەیە هەمیشە مەترسییەکی گەورەیە نەک تەنیا بۆ کوردستان و ئەو ناوچانەی ئاڵۆزیان تێدایە بەڵکو مەترسی و هەڕەشەیەکی جیددییە بۆ سەر ئاسایشی هەموو جیهان، لەم ڕوانگەیەوە کورد لە هەمووان زیاتر بە شاندێکی باڵا لەسەر ئاستی سەرۆک وەزیران بەشداری لە کۆنفرانسی میونشن دەکات، هاوکات لە ئەنجامەکانی دەڕوانێ.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان کاراکتەرێکی ژمارە خوێندراو و گرنگە لە ناو هاوکێشەی ناوەندەوڵەتی دا، هەم لە بواری ئاسایش و بە دیهێنانی ئاسایش بۆ جیهان، هەمیش لە بواری وزە و تەندروستی و ئاسایشی ئەنتەرنێت و ڕوبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هەر بەم چاوەش جیهان لە گرنگی کورد دەڕوانێ، بە تایبەتیش لە شەڕی دژ بە تیرۆردا، هەمووانیش دەزانن ئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو ئەفسانەی داعشی تێکشاند، بۆیە وڵاتانی جیهان لە چەند ساڵی ڕابردوودا پەیوەندیەکی پتەو و بەهێز لە بواری دیپلۆماسی و ئاسایش و هەماهەنگی سەربازی و بوارەکانی تر لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست کرد، ئێستە دەکرێ کورد سوود لەو پەیوەندییە دیپلۆماسی و هەواڵگری و سەربازییانەی وەربگرێ کە ئەمڕۆ لەگەڵ دنیای دەرەوە هەیەتی.

بە وردبوونەوە لە دیدار و کۆبونەوەکانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان لە دوو ڕۆژی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، بە تایبەتیش کۆبونەوە لەگەل سەرۆک وەزیرانی بولگاریا و وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و وەزیرانی دەرەوە و وزە و بەرگری ئەمەریکا، دیدو بۆچوون و تێڕوانینی ڕوونی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەڕەشەکانی تیرۆر بۆ سەر ئاسایشی جیهان بە نوێنەرانی وڵاتانی بەشدار لەکۆنفرانسی ئاسایشی میونشن خرایەڕوو، دووپاتیش لەوە کرایەوە بەوەی پێویستە کۆمەڵگەی ناوەدەوڵەتی لە بواری پەیوەندی دیپلۆماسی و هەماهەنگی سەربازی دا پتر لە یەکتر نێزیک ببنەوە و تواناکان کۆبکرێنەوە بۆ دوورخستنەوەی یەکجارەکی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر کە بۆ سەر ئاسایشی جیهان هەیە، هاوکات وڵاتانی زڵهێز و بڕیار بەدەستی جیهانیش دووپاتیان لە گرنگی هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەدیهێنانی ئاسایشێکی سەقامگیر بۆ جیهان، ستایشەکانی وەزیرانی بەرگری ئەڵمانیا و ئەمەریکا، وەزیری وزەی ئەمەریکا بۆ سەرۆک وەزیرانی کوردستان لە بارەی ڕۆڵی ئەرێنی هەرێمی کوردستان لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری ئاسایش بۆ جیهان، پێشکەش کردنی سوپاسگوزاری بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە بڕی هەموو جیهان شەڕی تیرۆری کرد و قوربانیەکی زۆری لە پێناو مرۆڤایەتی بەخشی و ئەفسانەی گەورەترین دەوڵەتی تیرۆریستی تێکشاند، دەرخەری ئەوەیە کوردستان فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئەو سەقامگیری ئاسایش کە کۆمەڵگەی ناوەدەوڵەتی بۆ جیهان هەوڵی بە دیهێنانی بۆ دەدات.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر کۆبۆوە



خەزمەتگوزاری لە شارەوانییەکان.

لە کۆبوونەوەکەدا کە دوێنێ یەکشەممە 16ی شوباتی 2020 بە ئامادەبوونی عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕێک خرا، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار تیشکی خستە سەر ڕژدبوونی حکوومەت لە هەنگاونان بەرەو چاکسازی وەک خواستی یەکەمی هاوواڵاتی کە لە کارنامەی حکوومەتدا باسی لێوە کراوە و داوای لە کارمەندانی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر کرد کە هەریەکەیان لە ئاست و شوێنی جیاواز بەرپرسیارییەتییان هەیە، پابەندی یاسا و ڕێنماییییەکان بن و هیچ لادانایک کە لە دەرەوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەیە ئەنجام نەدەن و بە هیچ شێوەیەک جیاوازی لە نێوان هاوواڵتییاندا نەکرێت.

ساسان عەونی لەڤێر ڕۆشنایی ئامانجەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خواستەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە نەهێشتنی پێشێلکاری و هەنگاونان بەرەو چاکسازی، داوای لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد پابەندی کاتەکانی دەوام و بەوپەڕی ڕێزکە شایستەی هاووڵاتییانە بەبێ جیاوازی مامەڵەکانیان بۆ بەڕێوە ببەن.

لای خۆیەوە، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، سوپاسی ڕاشکاویی وەزیری شارەوانی کرد و دووپاتی لە پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییییەکان کردەوە و داوای لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد، هەست بە گرنگیی ئەو ئەرکانە بکەن کە پێیان سپێردراوە و بە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێدایە، ڕۆژی 13ی نیسانی2020 سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر، چوار بەڕێوەبەری شارەوانی گۆڕی، ئەمەیش لەپێناو دەستاودەستکردنی پۆستەکان و هێنانەپێشەوەی توانای نوێ بۆ هزری نوێ بۆ ناو کارەکان.

ب ئامادەبونا بەرپرسێ لقا 9 یا پارتی
پێشانگەها پەرتوکان هاتەڤەکرن



دوهی ب ئامادەبوونا سەباح بیتوللا بەرپرسێ لقا 9یا پارتی دیموکراتی کوردستان ، پێشانگەها پەرتوکان هاتەڤەکرن کو ژ 600 پەرتوکێن هەمەجور ژخو ڤەدگرت و بو دەمێ سێ روژان دێ یا بەردەوام بیت و ئەف پێشانگەهە ژلایێ لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ هاتبو ئورگانیزەکرن بهەلکەفتا 67 سالیا دامەزراندنا رێکخراوا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ بەرپرسێ لقا 9 سەباح بەیتوللا دەستخوشیی ل لقا ئاکرێ یا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ کر بو سازکرنا ڤێ پێشانگەهێ و پشتگیریا خو بو قوتابیان دەربری و ڕاگەهاندن کو قوتابیان ڕولەکێ کارا دخەباتا هەمەلایانەدا گێرایە و د 67 سالێن تەمەنێ خودا بوینە جەمسەرەکێ کارا دناڤ بزاڤا رزگاری خوازا کوردستانێ.

بەرپرسێ لقا ئێک دگەل نوینەرێن خودانێن دوکانێن پەروک فروشان کومبوو



سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقێ ئێک ب ئامادەبونا بەرپرسێ نڤێسینگەها دیڤچون و هەما هەنگی دگەل نوینەرێن خودانێن دوکانێن پەروک فروشێ ئەوێن سالا 2013ێ هاتینە سوتن کومبوو، دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ گوهداریا داخازو گازندێن وان کرن پاش بەرپرسێ لقێ ئامژە دا وێ ئێکێ کو ئەم دزانین بەری7 سالا ئاڤاهیێ هەوە هاتبوو سوتن و زەرەر و زیان بەرچاڤ هەوەکەڤتبون و ئەم دێ ڤێ داخازیا هەوە گەهینینە جهێن پەیوەندیدار هەروەسا نینەرێن وان دکانا ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبو پشتەڤانیا وی دگەل وان.

پرسە و سەرەخۆشی

بۆ بەڕێز (ڕەزا سەید گوڵ)ی چێژکنووس

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی (شێخ سدیق)ی ئامۆزاتمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، سەرەخۆشیتان لێ دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووری بە ئێوە و کەسوکار و خانەوادەکەی ببەخشێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ دووشەممە دووەم ڕۆژی پرسەکەیە لە مزگەوتی ڕوشدی قەساب لە هەولێر

ئافرەتێن دهۆکێ خوارن بو بالندەیێن چیای دابین کرن



پشتی کو پێلەکا بەفر بارینێ ل سەرانسەری پارێزگەها دهوکێ باری، مینا ئەرکەک مرۆڤایەتی، هژمارەکا ئافرەتان ژ ڕێکخراوا هەناسە دەست ب هەوەکا دابینکرنا خوارنێ بو بالندەیان ل گوندێ سیار و سپێنداریکر ل سنورێ قەزا ئامێدیێ کو ل وێ دەڤەرێ بەفرەکا زور باریە.

هەمان بەرپرسێ ئەو چەندە ژی دوپاتکر: چەندین جورێن خوارنێن تایبەت ب بالندەیان ڤە ئەڤرۆ مە کومەکا ئافرەتان ل دەڤەرێن چیایی بو بالندەیان دابین کریە و دێ ل سەر ئەڤێ هەوێ د بەردەوام بین چونکە سروشت و ژینگەھ ب هەبونا گیانەوەران و بالندەیان جوانە لەوما هیڤیە هەر کەسەک ل دیڤ شیانێن خو بێن تایبەت ل وەرزێ سەرما و بەفر بارینێ دەستێ هاریکاریێ بو گیانەوەرێن سروشتێ مە دابین بکەت.

لەورا مە هژمارەکا ئافرەتان ژ ڕێکخراوا هەناسە دەست ب هەوەکا دابینکرنا خوارنێ بو بالندەیان ل گوندێ سیار و سپێنداریکر ل سنورێ قەزا ئامێدیێ کو ل وێ دەڤەرێ بەفرەکا زور باریە.

هەمان بەرپرسێ ئەو چەندە ژی دوپاتکر: چەندین جورێن خوارنێن تایبەت ب بالندەیان ڤە ئەڤرۆ مە کومەکا ئافرەتان ل دەڤەرێن چیایی بو بالندەیان دابین کریە و دێ ل سەر ئەڤێ هەوێ د بەردەوام بین چونکە سروشت و ژینگەھ ب هەبونا گیانەوەران و بالندەیان جوانە لەوما هیڤیە هەر کەسەک ل دیڤ شیانێن خو بێن تایبەت ل وەرزێ سەرما و بەفر بارینێ دەستێ هاریکاریێ بو گیانەوەرێن سروشتێ مە دابین بکەت.

پێدانی قەرزی بچووک بە گەنجان دەست پێدەکرێتەوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لەداهاتوویەکی نزیکدا دەست دەکەنەوە بەپێدانەوەی قەرزی بچووک بەگەنجان. کۆبستان محەمەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند لەڕابردوودا قەرزی بچووک بۆ گەنجان هەبووە کە حەفتا ملیار دیناریان پێدراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ڕاگیراوە، بۆ ئەو مەبەستەش پڕۆژەیەکیان بەئەنجومەنی وەزیران داوە و ئەوانیش داوای ڕای دارایی لە ئیجابیبیان هەیە. ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، دەیانەوێت ئەوانەی لەداهاتوو ئەو قەرزە وەردەگرن پڕۆژەی سەرکەوتوو بکەن و هەڵی کار دەستەبەر بکەن.

پۆلیسی هەولێر: تەقەکەرەکانی گەراجی ئەکوا پارک دەستگیرکران

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: ئەوانەی بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممە لە گەراجی ئەکوا پارک تەقەیان کرد و کەسێکیان کوشت و سیانی تریان بریندار کرد، دەستگیرکران.

کاتژمێر 5ی بەرەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە، لە گەراجی ئەکوا پارک لە هەولێر، دەمەقاڵێ لە نێوان چەند کەسێکدا دروست دەبێت و دواتر تەقە دەکرێت، بۆیە بەو هۆیەوە کەسێک دەکوژرێت و 3 کەسی دیکەش بریندار دەبن.

لەو بارەیەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر عەمید دلێر نەجار ڕایگەیاند، دوای ڕووداوەکەی بەرەبەیانیی ئەمڕۆ لە گەراجی ئەکوا پارک ، دەستبەجێ تیمەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی تاوان و دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد کرد و شوناسنامەی ئەو کەسانەیان دیاری کرد کە تاوانەکەیان ئەنجام داوە. عەمید دلێر نەجار هەروەها ڕوونیشی کردەوە، لە کەمتر لە7 کاتژمێردا، تۆمەتبارەکان ڕادەستی دادگا کران. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئەوانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە، دوو تۆمەتبار بوون و یەکێکیان بە بریندارێتی دەستبەسەر کرا، کە یەکێک لەو تۆمەتبارانە بکەری سەرەکیی تاوانەکەیە، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەشدا هاووڵاتییەک بە ناوی هاوڕێ مەحمود قادر کۆژراوە و هەروەها دوو هاووڵاتیی دیکەش بە ناوەکانی هێژا عوسمان جەمیل و ئەحمەد سەڵاحەدین تەها، بریندار بوون.

ئەوەشی خستە ڕوو، کە تۆمەتباران ش.ع.م لەگەڵ گ.ق.م، بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکە و بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوە، بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادان، بەند کراون.

بەهۆی گرانفرۆشییەوە بریکارێکی غاز فرۆشتن دەستگیر کرا

قائیمقامیەتی سلێمانی دڵنیایی دەداتە هاوڵاتیان کە ڕۆژانە بڕی پێوست لە غازی مالان دەگاتە شارەکە و هاوکات بەهۆی گرانفرۆشییەوە بریکارێکی غاز فرۆشتن دەست بەسەر دەکرێت. لێژنەی غازی سەر بەلێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی، لە ڕاپۆرتی ڕۆژانەی خۆیدا ڕایگەیاندووە: ڕۆژی شەممە و یەکشەممە بڕی 38 هەزار بوتڵ غازی مالان لە کۆمپانیاکانەوە گەیشتۆتە شاری سلێمانی، ئەوەش زیاتر لە بڕی ڕۆژانەی بەکاربراوی شارەکەیە. ئاماژەی بەوەشکردوە: شاری سلێمانی پێویستی بە بڕی 15 هەزار بوتڵی ڕۆژانەیە، ئەو بڕەشی ڕۆژانە دەگاتە سلێمانی بەشی تەواوی مالان و بازاڕ و بەکارهێنەران دەکات و کێشەی کەمی غازی مالان بوونی نییە. هاوکات سێیەم جارە بریکارێکی غاز فرۆشتن لە گەڕەکی کوردساتی شاری سلێمانی کاری شاردنەوە و گرانفرۆشی لە غازی مالاندا دەکات، بۆیە لەسەر سکالای لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی و بڕیاری دادوەر دەستگیر کراوە و ڕووبەڕووی ڕێکارە یاساییەکان دەکرێتەوە.

نۆ هەزار ئاوارەی مووسڵ گەڕاونەتەوە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان

بەڕێوەبەری فەرمانگەی هەماهەنگی و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان گوتی، سەردەرای ئەوەی بەغدا بڕیاری داوە ئاوارەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام بە هۆی خراپیی دۆخی ئەمنی و سەرهەڵدانەوەی داعیشەوە، ئاماژە نین بگەڕێنەوە، چونکە دۆخی ئەو ناوچانە زۆر خراپە. هۆشەنگ محەمەد، ڕایگەیاند، حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام نەک هەر ناگەڕێنەوە، بگرە جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبنەوە و تەنها سالی ڕابردووش 9 هەزار ئاوارەی مووسڵ گەڕاونەتەوە بۆ کەمپەکانی هەرێمی کوردستان.

محەمەد گوتیشی، حکوومەتی عێراق هاوکارییەکانی لە ئاوارەکان ڕاگرتووە و سالی ڕابردوو هەر بودجەی بۆ تەرخان نەکردبوون، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکارییەکانیان بۆ نیوە کەم کردووەتەوە و تا ئێستا 800 هەزار ئاوارەی ناوخۆی عێراق لە هەرێمی کوردستان ماون و نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

ل دەمەکێ نێزیک هاریکاریا 2 ملیۆن دیناری لسەر ڕزگاربوویان دێ هێتە بەلافکرن

خەبات ـ دهۆک

حسێن قاییدی، بەرپرسێ نڤێسینگەها ڕزگارکرنا ڕەڤاندیێن ئێزدی دیارکرکو ل دەمەکێ نێزیک قوناغا دوویێ یا بەلاڤکرنا هاریکاریا 2 ملیۆن دیناری لسەر وان کەسێن بن دەستێ تیرۆرستێن داعش هاتینە ڕزگارکرن دێ دەست پێ کەت کو هەتا نوکە 3 هزار و 528 کەسێن ئێزدی ژبن دەستێ تیرۆرستێن داعش ڕزگاربوویە ژوانا ژی بەری نوکە850 کەسان هاریکاریا دوو ملیۆن دیناری وەرگرتیە نوکە دێ جارەکا دی دەست بەلاڤکرنا ڤێ هاریکاریێ لسەر ڕزگاربوویان هێتە کرن. ئاشکەرا کرکو چاڤەڕێینە ل نێزیک دەست ب قوناغا دوویێ یا هاریکاریا دوو ملیۆن دیناری بهێتە کرن کو ل جینوسایدا شنگال 6417 کەسێن ئێزدی هاتبونە گرتن و ڕەڤاندن هەر ژدەستپێکی هەتا نوکە سێ هزار و 528 کەس هاتینە ڕزگارکرن ژوانا ژی هزار و 199 ژن بووینە و بێن دیتر زەلام و زارۆک بووینە هەتا نوکە دوو هزار و 900 ڕەڤاندیێن ئێزدی لبن دەستێ تیرۆرستێن داعش ماینە.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/2/17 ژمارە (5934)
خەبات





لە ماوەی یەک ساڵدا دوو ملیۆن و 288 هەزار سەرپێچی تۆمار کراوە

لە 63٪ی رووداوەکانی هاتوچۆ بۆ هۆکاری خێرا لێخوڕین بووە 34٪ی رووداوەکانیش بۆ بەکارهێنانی مۆبایل دەگەڕێتەوە

ڕیپۆرتاژ/ فاتیح بەرزنجی

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی قوربانیانی رووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی پابەند نەبوونی شوفێران بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ لە زیاد بووندایە ،لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە کارمەندانی هاتوچۆ ڕێنمایی تەواو بەشوفێران دەدەن، بۆئەوەی دووربن لە رووداوەکانی هاتوچۆ، بەڵام بەداخەوە زۆربەی رووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی تێڕ ڕۆیشتن و پابەند نەبوونی شوفێرانە بەیاساکانی هاتوچۆو، بەڵای شارەزایانی هاتوچۆوە، دانانی هەموو ئەو ڕێنماییانەی هاتوچۆ وەک پڕۆگرامی خوێندن بێت لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، تا هوشیاری زیاتر لە ڕێگای قوتابیانەوە بگاتە شوێنی خۆی، لەو ڕیپۆرتاژەدا خەبات وردەکارە ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆ دەخاتە ڕوو.

ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆ

دەربارەی ئامارەکانی رووداوەکانی هاتوچۆ عەمیدی هاتوچۆ "ئەسعەد مەلا کەریم" گوتەبێژی هاتوچۆی هەرێم ڕوونیکردەوە: ئێمە هەمیشە شوفێران و هاوڵاتیان هۆشیار دەکەینەوە تا پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆن و لەکاتی لێخوڕینی ئوتومبیل گوێ بەو ڕێنماییانە بدەن کە دانراوە، دیارە هەموو ڕێنماییەکانی هاتوچۆ لەپێناو بەرژەوەندی و سەلامەتی هاووڵاتیانە و هۆکارەکانیش بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانە تێڕ لێخورینی ئوتومبیلە لەلایەن شوفێرانەوە ئینجا خراپی ڕێگاوبانەکان ئەو دوولایەنە وادەکات کە رووداوەکانی هاتوچۆ ڕوو لە زیاد بوون بکات، ئەگەر هاتوو (وەزارەتی ناوەدانکردنەوە) لەچوار چێوەی پلانی چوار ساڵەی خۆیدا هەموو ڕێگاوبانەکانی کوردستان بکاتە جووتسایدو گرنگی زیاتر بە تۆڕی ڕێگاوبانەکان بدات ئەوا رووداوکان کەمتر دەبنەوە، بەڵام پێویستە شوفێرانیش پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆن و واز لە تێڕ لێخورینی ئوتومبیل بهێنن و مۆبایل لەکاتی لێخورینی ئوتومبیل بەکار نەهێنن، ئەوا رووداوەکانی هاتوچۆ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و ڕۆژانەیش ژمارەی ئوتومبیل لەکوردستان ڕوولەزیاد بوون دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کارمەندانی هاتوچۆ بەردەوام ڕێنمایی و هۆشیاری هاتوچۆ بە شوفێران دەدات، بەپێی ئەو ئامارەی کە لەسائی 2019 تۆمار کراوە ، پارسان(575 کەس) لە رووداوەکانی هاتوچۆدا گیانیان لەدەستداوە و 6791 کەسیش بریندار بوون و ژمارەی ئەو رووداوانەش بریتییە لە 4479 رووداو و لەماوە سائی 2019 زیاتر لە 153 هەزار ئوتومبیل تۆمار کراوە، ڕۆژانەیش هاتنی ئوتومبیل بەردەوامەو ئەرکی کارمەندانی هاتوچۆ قورستر بووە، هەر لەسائی 2019 ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی کە دراوە بریتییە لە 69 هەزار و 954 مۆڵەت و کۆی گشتی مۆڵەتی بەخشراو بریتییە لە 1785161 مۆڵەت و ژمارەی سەرپێچیەکانی هاتوچۆش لەکوردستان بریتییە لەزیاتر لە دوو ملیۆن و 288 هەزار سەرپێچی تۆمار کراون و هەربەپێی ئەو ئامارەی کە تۆمار کراوە لە63%ی رووداوەکانی هاتوچۆ بۆ هۆکاری خێرا لێخورینی ئوتومبیل بووە و 34%ی رووداوەکانیش بۆ بەکار هێنانی مۆبایل دەگەڕێتەوە و لە 3%یش بۆ هۆکاری تووندوتۆڵی ئوتومبیل بووەوداواش لە شوفێران دەکەین کە هەموو کاتێک هەوڵی پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بدەن بۆئەوەی دووربن لە رووداوەکانی هاتوچۆ.

هەر سەبارەت بەو بابەتە لەو ڕیپۆرتاژەدا ڕاوسەرنجی ژمارەیەک لە شوفێرانمان وەرگرت:

"محەمەد" فەرمانبەر لە (بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوتی هەولێر) گوتی: هۆکاری سەرەکی رووداوەکانی هاتوچۆ، بۆ خراپی ڕێگاوبانەکان و تێڕ لێخورینی هەندێ لەشوفێران دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە زۆر تێکچووین، بۆیە داوا لە (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە) دەکەین کە هەموو ڕێگا یەک سایدەکان بکاتە جووتساید، تا هەرهیچ نەبێت ژمارەی رووداوەکانی هاتوو چۆ رووڵەکەمبوونەوە دەکەن، پێویستە شوفێرانیش پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بن و بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئوتومبێلەکان بکەن و بیرلە تێڕ لێخورین نەکەنەوە.

"قاسم" فەرمانبەر لە بنەسلاوە گوتی: ئەگەرهاتوو شوفێران پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوو چۆبن و هەوڵی تێڕ لێخورینی ئوتومبیل نەدەن، ئەوا رووداوەکانی هاتوو چۆ زیاد ناکەن، دیارە ئەو ڕێنماییانە لەبەر بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان دانراوە، پێویستە شوفێران پابەندی بن تا رووداوەکان زیاد نەکەن.

"راسپێر" فەرمانبەر لە (تەندروستی دەشتی هەولێر) دەڵێت: زۆربوونی ژمارەی ئوتومبیل و خراپی ڕێگاوبانەکان هۆکاری سەرەکی رووداوەکانی هاتوچۆیە لەکوردستان و ئەو ئوتومیلانەی کە دێنە کوردستان بەتایبەتی ئەو ئوتومیلانەی کە لیدراون و چاککراونەتەوە هۆکارێکی دیکەی رووداوەکانن.





ژمارەی ئەو گەشتیارانەی بەهۆی بەفربارینەوە ڕوویان لە ئاکرێ کردووە زیادبووە

گەشتیارێک: زستانی ئاکرێ تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەفر کە باری دەکەوێتە ناو شار

خەبات: ئاکرێ

هاتنی بەفری زستانە گەشتیاران لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق بۆ دەڤەری ئاکرێ ڕادەکێشێ و ئاکرێش بە دێمەنە جوانەکانی و خواردنە تایبەتیەکانی پێشوازییان لێدەکات. گەشتیار ئەحمەد یونس دەڵێت: بەفری ئەمساڵ جیاواز بوو لە دەسالێ ڕابردوو و بەیانی ئەو ڕۆژەی کە بەفر باری هەموو ڕێگەکانی چوونی ئاکرێ گیرا.

هاتنی بەفری زستانە گەشتیاران لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق بۆ دەڤەری ئاکرێ ڕادەکێشێ و ئاکرێش بە دێمەنە جوانەکانی و خواردنە تایبەتیەکانی پێشوازییان لێدەکات.

ئەوەی ئاکرێ لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان جیادەکاتەوە هەڵکەوتەی جوگرافی نێوان چیاکانە کە وەک خەڵکی ناوچەکە دەڵێن بە تایبەتی لە کاتی بەفر بارینیدا دێمەنێکی ناوازە بە شارەکە دەبەخشێت.

ئەحمەد یونس خەڵکی بەردەڕەش دەوروبەری ئاکرێ بوو کە وەک گەشتیار سەردانی ناوچەکە کردبوو، ئەو لە لێدوانێکدا باسی لەوە کرد کە هاتووە بۆ ئەوەی لە کاتی بەفربارینیدا دێمەنی ئاکری ببینێ و گوتی: دێمەنی ئاکرێ لە کاتی زستاندا زۆر جوانە و خەڵکی ئێمە زۆر حەزیان لێیەتی. لە هەموو شوێنێک دێن بۆ ئاکرێ. تایبەتمەندی ئاکرێ ئەوەیە کە سەنتەری شارەکە زۆر زیاتر لە دەروبەری بەفر دەیگرێتەوە و بۆیە گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن بۆ یاریکردن و وێنەگرتن تێدا.

ئەو گوتیشی: بەفری ئەمساڵ جیاواز بوو لە 10 ساڵی ڕابردوو و بەیانی ئەو ڕۆژەی کە بەفر باری هەموو ڕێگەکانی چوونی ئاکرێ گیرا. نزمبوونەوەی پلەی گەرمی لە ناوچەکە ڕێگر نەبوو لەو خێزان و منداڵانەی کە حەزیان لە یاری لەناو بەفردا هەبووە و ئەوان بە خۆشحاڵییەوە دەیانگوت کە لە داوێنی چیای ئاکرێ بەفری کۆدەکەینەوە بۆ خواردن لەگەڵ دۆشاو دەیبەینەوە. بەفر دەبەین بۆ دراوسێکانمان. منداڵەکانیشمان هێناوە بۆ یاریکردن لەناو بەفردا.

قاسم سەعید ئاکرێی کە خۆی دانیشتوی هەولێر بوو بە سەردانێک هاتبووە ئاکرێ، ئەو گوتی: زستانی ئاکرێ تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەفر کە باری دەکەوێتە ناو شار و هەبوونی بەفر جوانییەکەی تایبەت دەداتە شاری و خەڵکی دەروبەری هەموو سەردانی دەکەن.

ئەو گوتیشی: ناوبانگی ئاکرێ ئەوەیە کە شارێکی ناو چیایە و بە خواردنی قەلیەی ئاکرێ بەناوبانگە و تا دێینە ئێرە دەچن بۆ خواردنی ئاکرێ و هەروەها خواردنی دیکەشی هەیە کە لە وەرزی زستاندا دەخورێ وەک شلمن و گیزمن و سەروپێ کە لە زستاندا زۆر دەخورێ.

بە گوتەی قاسم سەعید گەشتارییکی زۆر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، هەولێر و دهۆک و سلێمانی و بگرە لە باشووری عێراقیش سەردانی ناوچەی ئاکرێ دەکەن.

لەگەڵ هاتنی بەفر و سارد و سەرمای زستان، خەڵکی ناوچەکەش باسی گرفتەکانیان دەکەن و سەرەڕای ئەوە پێشوازی لە جیاوازی وەرزەکان دەکەن، بەڵام نایشارنەوە کە گرفتەکان وا دەکات کە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان بۆ سەخت بێت.

موحسین ئیبراهیم کە دانیشتووی گوندی سوسنای دەڤەری ئاکرێیە، گوتی: لە زستاندا بەفرێکی زۆر لە ئاکرێ دەبارێ و کێشەی سوتەمەنیمان هەیە لە ئاکرێ لەو کاتەدا. ژیان سەخت دەبێت و بە هەموو شێوازێک خەریکی خاوێنکردنەوەی ڕێگەوبان و کۆڵان و ناو بازار دەبین و هەموومان هەوڵ دەدەین کە ڕێگەکان لەو کاتەدا نەگیرێ و خەڵک یارمەتی حکوومەتیش دەدەن لە پاککردنەوەدا.

ئەو گوتیشی: گەشتیارێکی زۆر لەکاتی بەفربارین و نەوڕزدا سەردانی ئاکرێ دەکەن و چونکە شارێکی کۆنە و زۆر جوانە.

ئەحمەد ئیبراهیم میر منداڵیکی خەڵکی ئاکرێ بوو کە بە دەم گۆرانی گوتنەوە خۆشحاڵی خۆی لە بەفر بارین دەردەبڕی، ئەو گوتی بۆ یەکەمجارە دەبینێ بەو ڕادەیە بەفر لە شارەکەی دەبارێ و سەاڵنی پێشوو ئەوەندە نەبووە.

عێراق وڵاتی قەزا و قەدەر



د. مەیادە نەجار*

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێران لەهەڵکشاندایەو هەریەکێکیان دەیەوێت لەسەر ئایندەو داهاتوی عیراق کۆتایی بەهێزی بەرامبەر بهێنێت، ئەمەش وایکردووە کە عیراق ڕووبکاتە تونێلێکی نادیار و ئایندەیەکی سیاسی ناڕوون لەم وڵاتەدا دەربکەوێت و ئاسۆیەک بۆ چارەسەری کێشەکان دیارنەمێنیت، لەم ڕاپۆرتە شیکاریەدا تیشک دەخەمە سەر ئەو ڕەوشەی ئێستای عێراق لەسەرەتای دەستپێکی قۆناغەکانەوە شرۆڤە بۆ ڕووداوەکان و پیشهاتەکان دەکەم.

هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی ئەمنی

بێگومان ئەگەر تێرامانێک بۆ ڕەوشی ئێستا بکەین سەرەتا لە کۆبوونەوە نائاساییەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەست پێبکەین کە خۆی لەداوایەک دەبینێتەوە بۆ کشاندنەوەی هێزە بیانیەکان لەعێراقدا، ئەگەر لەڕووی یاساو مەنتیقیەوە بڕوانین دەبینین ئەم بڕیارە تارادەیەک بەشۆکاوی و نەبوونی بەرنامەی پێودیارە چونکە بوونی هێزە بیانیەکان ئەرکەکانیان لەعیراقدا بەگوێرەی یاسا و چەند ڕێکەوتنێک ڕێکخراوە لەیەکەم ڕێکەوتنامەی پاراستنی ئاسایشی عیراق و ئەمریکا لەساڵی 2008 کە ئەوکات نوری مالیکی وەک سەرۆک وەزیرانی عیراق ڕێکەوتنەکەی لەگەل جورج بوشی سەرۆک واژۆو کرد، لەچوارچێوەی ئەم ڕێکەوتنەدا ئەمریکا کە لەفەرهەنگی نیودەوڵەتیدا بەهێزێکی داگیرکەر لەعێراقدا دەناسرا وە لە ساڵی 2011 دۆسیەکانی ئاسایش و پاراستنی سەروەری وڵات ڕادەستی سوپاو هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی عیراق کرد، دوا بەدوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بەیاسایی ژمارە (52) دەنگی لەسەر ڕێکەوتنامەکەدا.

ئەگەر زیاتر لەسەر ئەم بابەتە هەڵبستە بکەین و شرۆڤەیەکی یاسایی بۆ بکەین پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم ڕێکەوتنامەیە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە ئامادەکراو ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کراو دەنگی لەسەر درا، واتا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێکەوتنامەیە پێویستە حکومەت پرۆژە یاسایەک پێشکەش بەئەنجوومەنی نوێنەران بکات و کاری لەسەر بکرێت و باش خوێندنەوەی یەکەم و خوێندنەوەی دووەم دەنگی لەسەر بدرێت، واتا کارێکە لەرووی لۆژیکییەوە پێویستە بەچەند هەنگاوێکی یاسایی تایبەتمەند هەیە، ئەگەر لەرووبەکی تریشەوە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە بکرێت پێویستە حکومەت خۆی کارەکە ئەنجام بدات و داواکاریەک کەتایبەت بێت بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەنامەکە پێشکەش بەئەمریکا بکات، دوای ساڵێک لەدوای تێپەڕبوونی ئەو کاتەی دیاریکراوە ڕێکەوتنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵدەوەشێتەوە.

کشاندنەوەی هێزە بیانیەکان

لە ئێستادا کشانەوەی هێزە بیانیەکان یەکێکە لەبابەتە پرهەستیارەکان و زۆرترین مشتوومری دروستکردووە، لەکاتێکدا لەساڵی 2011 لە تەواوی شارەکانی عیراقدا سەرجەم هێزە بیانیەکان کشانەوە وە گشت دوسیە ئەمنی و سیاسیان ڕادەستی سوپاو هێزە چەکدارەکانی عێراق کرد چونکە لەوکات و ساتەدا ڕەوشی عێراق زۆر جیاوازبوو ئەنجوومەنی نوێنەران و حکومەت تەواو بەهێزبوون و ئەرکەکانی خۆیان بەفەرمی ڕادەپەڕاند ، بەڵام لەئێستادا داواکردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ کشاندنەوەی هێزە بیانیەکان لەعێراقدا لەڕووی یاساییەوە مەنتیقی نیە چونکە بوونی هێزە بیانیەکان و ئەرکەکانیان لەعیراقدا بەگوێرەی ڕێکەوتنێکی نێوان حکومەتی عێراق و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش ڕێکخراوە، لەکاتێکدا کە داعش پەلاماری خاکی عێراقی داو لەکەمترین کاتدا زۆرترین ناوچەی داگیرکرد حکومەتی عێراقی لەساڵی 2014 داوایەکی فەرمی لەڕێگەی نامەیەکەوە پێشکەشی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شەست و حەوت دەوڵەتی جیهان کرد کە هاوکاری بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشاندنی تیرۆر، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەردەخات هاتنی هێزە بیانیەکان پەیوەندی بەئەنجوومەنی نوێنەرانەوە نیە، لەسەر داوای حکومەتی عێراق ئەوان هاتوون پێویستە حکومەتیش ئەوکارەبکات.

عیراق و گرفتی ئابووری

یەکێک لە گرفتەئابوریەکان کە عیراق تووشی دارمانی ئابووری دەکات (صندوق التنمیە العراقیە) واتە Development Fund Iraqi) ئەم صندوقە لە کاتی ئابلوقەی ئابوری بەسەر عێراق پشتگوێ خرابوو کاری پێنەدەکرا بەلام پاش ئازادکردنی عێراق لە ساڵی 2003 لەلایەن وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاراکرایە ڕاستەوخۆ خرایە ژێر بەرگری سەرۆکی ئەمریکا تا ئەو وڵاتانە نەتوانن قەرزەکانیان لە داهاتی نەوتی عێراق ببەن ، تەنها 5% لەو صندوقە دەدرێتە کوێت لە بری قەرزەکەی لەسەر عێراق . وە بە ڕەزامەندی هێزە سیاسیەکانی عێراق بوو ، وە تەواوی داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت دەچێتە ناو ئەم صندوقە و هەژمارێکیش لەبانکی فیدراڵی ئەمریکی بەناوی بانکی ناوەندی عیراقی کراوەتەوە، لەڕێگەی ئەو هەژمارە ئەلکترۆنیەوە بانکی فیدراڵی ئەمریکا پارەکە ڕەوانەی عێراق دەکات و حکومەتی عیراق دەتوانیت ئەو پارەیە بەکاش وەربگرێت و بەکاری بهێنیت، ئەگەر وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری نەقدی ئابووری عیراقی دابخات ئەستەمە عیراق بتوانیت لەم کاتە ناهەمواردا لەماوەیەکی کەمدا هەژماری بانکی بکاتەوە، یان هیچ نەبێت کردنەوەی کاتێکی زۆری دەوێت چونکە کردنەوەی ئەو هەژمارە پێویستی بەسیستەمێکی ئەلکترۆنی بەهیزی جیهانی هەیە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا عێراق ئەوەندی تر تووشی دارمانی ئابووری دەکات.

ئەمریکا و گرووپە چەکدارەکان

هەنگاوێکی تری ئەمریکیەکان لەم قۆناغەدا کۆتایهینانە بەهێز و توانای گرووپەکانی حەشدی شەعبی ئەویش لەڕێگەی بەتیرۆر ناساندنیان و دەست بەسەراگرتنی پارەو سامانەکانیان، چونکە ئەوەمان لەیاد نەچێت لەڕێگەی سیستەمێکەوە کە پێی دەوترێت (پارەی پیس) وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا دەتوانێت تەواوی ئەوکەسانەی خاوەنی دۆلار یان پارەی گرانبەهان کۆنترۆل بکرێن و دەست بەسەر پارەکانیاندا بگرێت، بەمەش ئەو گروپانە دەکەونە چوارچێوەی ئابووری قورس ناتوانن بەئاسانی خۆیان ڕزگار بکەن، هەر کەسێک پەیوەندی بەم میلیشیانەوە هەبێت بەحکومەتی عێراقیشەوە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو سزا ئابووریانەوە ، لەم کاتەدا حکومەتی عیراقی خۆی تووشی گەورەترین سزای نیودەوڵەتی دەکات، کەڕزگاربوونی مەحاڵ بێت.

پرۆسەیەکی پر مەترسیدار

هەتا ئیستا بەهۆی نەبوونی پلانی تۆکمەوە عیراق بۆ وەبەرهێنانی وزەی کارەبا پشت بەغازی سروشتی دەرەکی دەبەستێت لەماوەی ڕابردوودا تەواوی ئەو پیداویستیانەی لەئێرانەوە هاوردە کردووە، دوای سەپاندنی سزا نیودەوڵەتیەکانیش لەڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە پێدەوترێت (سماح الاقتصادی) ئەمریکا ڕێگەی بەعێراق دا کە بەردەوام بێت لەهاوردەکردنی غازی سروشتی لەئێران بەڵام ئێستا تکەمتر لە یەک مانگ لەبەردەم عیراقیەکاندا ماوە ئەو لیبوورینەی ئەمریکیەکان کۆتایی دێت ئەگەر عیراق بەردەوام بیت ئەوا دەکەوێتە چوارچێوەی سزا نیودەوڵەتیەکانی ئەمریکاوە.

لەکۆتایدا ئەوەی تیبینی دەکرێت نەبوونی پلانی تۆکمە عێراقی تووشی قەیرانێکی زۆر ناهەموار کردووە سیاسەتمەداران و دەستەلاتدارانی عیراقیش هەتا ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی پڕۆگرامیکی ڕوون و ستراتیژیکی دیاریکراو خۆیان بۆ هیچ جۆرە پێشهاتێک ئامادە نەکردووە چاوەڕێی قەزاو قەدەر دەکەن ، لەئەنجامی ئەم شرۆڤەیەی کە باسمان کرد، دەرئەنجامەکانی کشاندنەوەی هێزە بیانیەکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی ئەمنی عێراق بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.**





سیامند سێڵکی

بەری ڕۆژ بەبێژینگ ناگیرێ

وەزیری پلاندانی ئێراق لەگەڵ شاندی چواردە پارێزگای باشوور ناوەڕاستی ئێراق .سەردانی سەرۆک بارزانیان کرد و داوایان کرد تا جەنابیان هاوکار بێت لەوەی ئەزموێنی پارێزگاکانی کوردستان لەبواری ئاوەدانکردنەوەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەکو دابینکردنی ئاسایش ،چەسپاندنی یاسا ،گەشەپێدانی ئابوری ، فەراهەمکردنی خوشگوزەرانی ،چەسپاندنی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بۆ پاریزگاکانی باشورو ناوەڕاستی ئێراقیش بگوازرێتەوە. تا لەو ڕێگایەوە کوتایی بەئازارو مەینەتیەکانی خەڵکی باشورو ناوەڕاستی ئێراقیش بێت و ئەوانیش وەکو خەڵکی کوردستان لەئارامی و ئاسودەیی و بەختەوەریدا بژین . بێ گومان دروست بونی ئەم متمانە بەهێزە بەئەزموێنی حوکمڕانی کوردستان وەکو ئەزموێنێکی نمونەیی و سەرکەتوو .لەخۆڕاو بێ هۆ نییە. بەڵکو دەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەیە کە لەسەر دەستی حکومەتی هەرێم لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا بەدی هاتوون . ڕەنگدانەوەی واقعی ئەو گۆڕانکاریە گشتگیرو هەمەلایەنانەیە کە سەرەڕای دەیان پیلانگێڕی ناوخۆیی و دەرەکی لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا دروست بوون و وەکو ڕاستیەک لەبەرچاون و کەس ناتونێت نکوڵیان لێ بکات. هەڵبەت گۆرانکاریەکان هێندە خێراو فراوانن کە هەموو کەسێک هەستی پێ دەکات و بونەتە جێی سەرنجی ئەو خەڵکانەی کە بەسەردان دێنە کوردستان. بەتایبەت بۆ گەشتیارانی عەرەب کە لەباشوورو ناوەڕاستی ئێراقەوە سەردانی کوردستان دەکەن. زۆربەی ئەو گەشتیارانە لەئاست گۆرانکاری و پێشکەوتنەکاندا تۆشی شۆک دەبن. بویە بەردەوام لەڕێگای میدیاکانەوە داوایان کردوە و بەپێویستیان زانیوە ئەزموێنی کوردستان وەکو ئەزموێنێکی سەرکەوتوو سەردەمیانە لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ هەموو ئێراق بگوازرێتەوە. هەڵبەت ڕەنگە بۆ هەندێ کەس (بەتایبەت ئەوانەی چاویان بەپێشکەوتنەکانی کوردستان هەڵناهێت و بەم ئەقلیەت و بیرکردنەوەیەش دژایەتی ئەزموێنی کوردستانیان کردوە) ئەستەم بێت دان بەم ڕاستیەدا بنێن .بەڵام هەروەک بینیمان لەڕێر گوشارو داواکاری فراوانی شەقامی ئێراقیدا ، ناچار بوون لەچوارچێوەی شاندێکی فراواندا چ وەکو ناوەند چ وەکو حکومەتە خۆجێیەکان سەردانی هەولێر بکەن و داواش لەسەرۆک و مەرجەعی کوردان بکەن ،تاهاوکاریان بێت بۆ گوازتنەوەی ئەزموێنی کوردستان بۆ هەموو ئێراق . واتە دەکرێت بێژین خواستی ڕەوای خەڵکی باشورو ناوەڕاستی ئێراق بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسودەیی و خوشگوزەرانی وەکو ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم کراوە .شاندی بالاّو فراوانی ئێراقی هێنایە هەولێر. ئەمەش خۆبەخۆ شانازیەکی گەورەیە بۆ خەڵک و حکومەتی کوردستان . بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و هەلوەستە لەسەرکردنە کومەلێک سیاسی و ڕۆشنبیر کە کاروکەسابەتیان بۆتە دژایەتی پارتی و بارزانی، هێشتا سوڕن لەسەر ئەوەی کە بارودۆخی باشورو ناوەڕاست لەبارودۆخی کوردستان باشترە و زۆرجاریش داوا دەکەن کە دەبێ کوردستان لەبواری حوکمڕانیدا چاو لە دەسەلاتێک بکات کە لەلایان میلیشیاکانەوە بەڕێوەدەبرێت !. بێ گومان هەر وەک کورد دەیژێت "بەری ڕۆژ بەبێژینگ ناگیرێ" ،بویە ئەوانەی بۆ ڕازیکردنی دڵی نەحەزو نەیارانی کورد دژایەتی پارتی و بارزانی دەکەن و بەشەو ڕۆژ لەهەوڵی ناشیرین کردنی ئەزموێنی کوردستاندان. دووریان نزیک دەکەونە بەر نەفرەتی خەڵکی کوردستان و شەرمەزار دەبن.

دوێنێ کۆنگرەی داڤۆس و ئەمڕۆ کۆبوونەوەی میونشن و دەور و پێگەی کورد





سوورە مەرگەیی

بوونی پێگەی هەر وڵات و گەلێک لە بوونی دابینکردنی ئاسایشێکی ئارام و دارایی‌یەکی بەهێز دایە، هەر ئەوەش وایکردووە ئاسایش و دارایی لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا توانای گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوەکانیان هەبێ و ببنە دوو بنەمای سەرەکی سیاسەتی سەرکەوتوو.

ئەوەی جێگای ئومێدە و کورد دەتوانێ داهاتووی خۆی لەسەر بنیات بنێ، ئەوەیە کە لەو دوو بنەمایە سەرەکی و کاریگەرەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حکومەتی هەرێم وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لەوەش گرنگتر و جێگای ئومێدەتر دیدار و کۆبوونەوەکانی وەفدی کوردییە لەو کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیانەی کە لەسەر ئاسایش و دارایی دەبەسترێن. لە کۆنگرەی داڤۆس کە کۆنگرەیەکی تایبەت بە دارایی بوو، ئاماەبوونی سەرۆکی هەرێم و دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆک و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان و بە تایبەتیش لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا ، دەکرێ کورد نەک هەر لە باشوور، بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستانیش بە ئومێدەوە لێی بڕوانن.

لە کۆبوونەوەی میونشنیش کە تایبەتە بە ئاسایشی جیهانی و ئاماەبوونی وەفدی کوردی و، دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و وزەی ئەمەریکا و وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و ڕوسیا و تەنانەت لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێرانیش، جێگای هەڵوەستە لەسەر کردن و پێویستە کورد بە گرنگی و بایەخەوە لێی بڕوانێ و بە ئاگایی‌یەوە هەنگاوەکانی داهاتووی خۆی لەسەر بنیات بنێ.

خاڵکی تر کە زۆر گرنگە و دەمەوێ لە پەراوێزی ئەم بابەتە ئاماژەی بۆ بکەم، کورد لە ئێستادا لە قۆناغێکدایە کە نەک هەر دۆستەکانی، بەڵکو دوژمن و نەیارەکانیشی ناچار بوون حیساب لەسەر پێگەی ئەمڕۆی کورد بکەن، کۆنگرەی داڤۆس و کۆبوونەوەی میونشن هیچ گومانێک لەسەر ئەو ڕاستیەی سەرەوە ناهێڵن ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ، یەکەمیان ئەو سیاستە ئابووریە بوو کە توانرا وەڵامی قوت و مووچە و بودجەی حکومەتی هەرێمی پێ بدرێتەوە و کوردستانیش بەرێتە ناو سیاسەتی وزەی جیهانی، دووەمیشیان ئەو ئاسایشە تۆکمەیە بوو کە حکومەتی هەرێم توانی لە ناوچەیەکی پڕ فەوزا و نائارام و بێ ئاسایشدا دابینی بکات.

کورد لەو دوو بنەما گرنگ و سەرەکییەی کە لە سەرەوە باس کران توانیویەتی هەنگاوی زۆر باش و دڵ خۆشکەر ببڕێ، بەڵام لە بنمایەکی زۆر گرنگ و بەهادار بێبەشە و ئەویش کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی نەتەوەییە و بە داخەوە تا ئێستا نەیتوانراوە ئەو کۆدەنگی و یەکهەڵوێستییە دروست بکرێت کە بتوانێ وەڵامی پیلانە یەک لە دوای یەکەکانی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستانی پێبداتەوە، ئەگەر هاتبا و خاوەنی ئەو بنمایەش بوایە، بە دڵنیاییەوە ئێستا کورد لە قۆناغێکی تردا دەبوو و دەیتوانی لە دوا ئامانجیش نزیک ببێتەوە کە سەربەخۆیی کوردستانە، بۆیە پێویستە بەرژەوەندی حزبی و ڕق و کینەی سیاسی بەلاوە بنێ و کوردانە لە داهاتوو بڕوانێ، چونکە تەنها بە کوردبوون و کوردایەتی دەتوانین خۆمان لە دووبارە بوونەوەی کارەسات و نەهامەتیەکانی ڕابردوو بپارێزین و ئەو داهاتووەش بنیات بنێین، کە دەیان ساڵە و بگرە زیاتریشە لە پێناو بەدیهێنانی خۆین دەبەخشین و قوربانی بۆ دەدەین.

تێروانینێک بۆ ڕەهەندی بەشداری کردنی کورد لە کۆنفرانسی ئاسایشی ئابووری و جیهانی میونشن

خەبات: تریفە ئازاد

لەمێژینەوە زۆر هەوڵدراوە کە ئاستەنگ و ڕێگری لە پێگەو و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بگیرا، بەڵکو زۆر هەوڵدراوە بوونی کوردستان لەسەر نەخشە و ناوەندەکاندا بسڕێتەوە، بەڵام مێژوو و خەباتی دوورودرێژی بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و کاک نێچرڤان و کاک مسرور بارزانی و پێشمەرگەی کوردستان بوونە زامنی بوون و پێگەی گرنگی کورد و کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێم و نێودەوڵەتی. لە هەموو قۆناغێکی خەباتی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد، مالّباتی بارزانی هەمیشە پارێزەر و فریادڕەسی کورد و کوردستان بوونە، لەهەموو داستانەکانی هەڵمەت و قوربانیدان و لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئەم جوامێرانە ئەوپەڕی هەڵمەت و قوربانی موعجیزاتیان نواندووە لە پێناو بوون و پێشکەوتنی دۆزی کورد و کوردستان. لەسەرەتای ئەم مانگەدا، ئەمجارە بەرێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی بەشداری کۆنفرانسی میونشن کرد. بێشک ئەمجارەش بەشدرای کورد لەم کۆنفرانسەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو بەتایبەت لەم هەل ومەرجەی ئەمڕۆ کوردستان و عێراق بەگشتی، هەروەها دیدار و کۆبوونەوەکانی مسرور بارزانی لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەدا گەواهی موعجیزەی حکومڕانی کورد و گرنگی و بەرزی پێگەی کورد و کوردستان دەخاتەروو. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدین گرنگی و پێگەی سیاسی و ئابووری کوردستان و چەند لایەنێک لە چالاکیەکانی کاک مسرور بارزانی لەم کۆنفرانسەدا بخەینەروو.

کورد دەبێت بەردەوام بێت لە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابووری خۆی

پرۆفیسۆر هاورێ مەنسوربەگ، شارەزا لە بواری نەوت و مامۆستای زانکۆ لە بارەی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن و بەشداری کردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ یەکێکە لە کۆنفرانسە هەرە پڕ بایەخەکانی ئەورووپا کە تێیدا سەرکردە ئەورووپییەکان لەگەڵ هاوتا نێودەوڵەتییەکانیان باسی ئاسایشی جیهانی دەکەن بە مانا تێکهەڵکێش و فراوانەکەی. کورد لە چەندین دەیەی ڕابردوو بریتی بوون لە گرووپ و دەستەی نیمچە ڕێکخراو، هەمیشە کارتێکراو بوون لە هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان. دوای ڕاپەڕین و هاتنە کایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ڕادەیەکی باشیش پەیڕەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و کرانەوە بە ڕووی جیهان، هەروەها دوای بوون بە هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەرەنگاری بوونەوەی دژ بە تیرۆریستانی داعش، ئێستا پێگەی



د.هاورێ مەنسوربەگ: پێگەی کورد گۆڕانکاری گەورەی بەسەر هاتووە و کورد بۆتە کیانێکی کارتێکەری کارا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سیاسی کوردە لە گردبوونەوە گرینگ و کاریگەرەکانی لەگەڵ سەرۆک و کەسایەتیە جیهانیەکانی وڵاتان. وڵاتانی جیهان بە گشتی کورد وەک فاکتەرێکی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینن. کوردستان لە ناوچە دەگمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە تا ئاستێکی سەرنج ڕاکێش هەموو گروپە ئاینیو ئیتنیەکان پێکەوە دەژین.



تەیب زرار: دەبینین پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بۆ هەرێم بەهێزتر دەبێت

نێودەوڵەتی. لە تەنیشت دیدارە گرینگەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار مەسرور بارزانی لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکانی جیهان، لە ناویشیان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بە بڕوای من دیدار لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمریکا زۆر گرینگ بوو. وەسفکردنی پڕۆسەی هەناردەکردنی نەوت بۆ بازارەکانی



قارەمان عوسمان: بەهێزی کوردستان بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرخەری گرنگی پێگەکەیەتی وەک هەرێمێکی خاوەن وزە

وڵاتانی ڕۆژ ئاوا لە ڕووی سیاسی و ئابووری هێشتان لە قۆناخی لە دایکبوونە و کاری مەزن و پڕ لە ئاستەنگ ماون ئەنجامبدرێن. چۆن پێگەی خۆمان دەپارێزین، چۆن دامەزراوەکانمان بە پێوەرە جیهانیەکان لە سەر بنەماو پێوەر و ستاندەردی جیهانی دادەمەزرێنین بۆ گەیاندنی هەرێمی کوردستان بە کەناری ئارام،



کورد گۆڕانکاری گەورەی بەسەر هاتووە و کورد بۆتە کیانێکی کارتێکەری کارا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرباری هەر سەرنج و تێبینیەک، کورد لە سیاسەتی پارادیپلۆماسی (مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆی هەرێم لەگەڵ وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار لە جیهان، بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی) سەرکەوتنی گەورەی بۆ خۆی تۆمار کردوە. نموونەش بۆ ئەو سەرکەوتنانە ئاستی دیدارەکانی سەرکردایەتی تاکە ناوچەی عێراقە کە بە ڕێژەیەکی باش سەقامگیری سیاسی و ئابووری تێدا بەدی دەکرێت. سەرباری سەقامگیری سیاسی و ناوچەیەکی ئارام بۆ سەدان هەزار ئاوارە، هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی خام بۆ بازارەکانی جیهان، خۆی کردۆتە هاوبەشێکی ئەمری واقع (دیفاکتۆ) لە نەخشەی ئاسایشی وزەی جیهان، کە یەکێکە لە پایە هەرە گرینگەکانی ئاسایشی جیهان بە موعجیزە و گەڕاندنەوەی ئەو موعجیزەیەش لە لایەن وەزیری ناوبراو بۆ وریایی و حیکمەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، مایەی هەڵوەستە لە سەر کردن و تێڕمانی زۆرە. هەڵوێستی سیاسی کورد و تێکەڵبوون بە ئاسایشی وزەی جیهانی سەرنجی سەرکردەکانی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. کورد دەبێت بەردەوام بێت لە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابووری خۆی، خۆ گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیارن پێویستیان بە وەڵام و کرداری جددیە کە ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە.

بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ ووڵاتانی جیهان

تەیب زرار، نوسەرو چاودێری سیاسی لە بارەی بەشداری شاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

کۆنگرەی میونشن خۆی لەخۆیدا شانۆیەکی گەورەی جیهانییە بۆ بەیەکگەیشتنی سەرکردە بالاکانی جیهان بەتایبەتی ئەوانەی گرنگی دەدەن بە ئاسایشی جیهان و سەقامگیری ، هەر بۆیە زانکۆی پەنسیلڤانیای ئەمریکی کۆنگرەی میونشنی بەگرینگترین کۆنگرە داناوە لەسەر ئاستی جیهان کە لەبواری ئاسایش دەکۆڵێتەوە ، سالانە ئەم کۆنگرەیە دەبەستریت تەوەرەکانی گفتوگۆ و پانێڵەکانی کۆنگرەکە دەبێتە جێگەی سەرنجی میدیاکانی جیهان.لەپەراوێزی کۆنگرەکەدا چەندین دیدار و کۆبونەوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی ئەنجام دەدرێن ئەمەش چانسێکی زۆر باشە بۆ ئەو سەرکردانەی کە خۆیان و ووڵاتەکانیان پێویستیان بە پەرەپێدانی دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانیان هەیە ، هەروەها بۆ گەیاندنی بیر و بۆچوونی حکومەتەکانیان دەربارەی پرسە گەرمەکانی ئاسایشی جیهانی و هەرێمایەتی ، هەر بۆیە ئەو چەند ڕۆژەی کۆنگرە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی زۆرترین دیدار و کۆبونەوە لەگەڵ کەسایەتییە دیار و کاریگەرەکانی جیهان ئەنجام بدات بۆ ئەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان نیشان بدات لەسەر نەخشەی پاراستنی ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، کە بێگومان بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ وڵاتانی جیهان بەتایبەتی (ئەورووپا و ئەمریکا) چونکە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی هەرێم لەسەر ئابووری و ئاسایش و هاوسەنگی هێز لەناوچەکە زۆر بەرجەستەیە لە ئێستادا

هەرێمی کوردستان لەرۆژانی کۆنگرەکەدا زۆر پڕ بایەخ و گرنگن چونکە دەبینین دیدارەکان لە ئاستێکی بەرزدایە چونکە لەگەڵ وەزیرانی گەورەترین وڵاتانی جیهانن وەک ئەمریکا و ڕوسیا و فەرەنسا و المانیا و یەکێتی ئەورووپا و....هتد کە بێگومان ئەو دیدارانە جارێکیتر ئەو ڕاستیە باشتر نیشان دەدەن کە دەڵێین هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو لوتکە دەنێ.

هەرێمی کوردستان گرنگی زۆری هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

قارەمان عوسمان، ماستەر لە یاسایی نێودەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی گوتی: گرنگی ئەم کۆنفرانسە لەوەدایە کە تاکە سەکۆیەیە لە سەر ئاستی جیهان کە تیایدا باس لە کێشە پەیوستدارەکان بە ئاسایشی جیهانییەوە دەکرێت. وە لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەش دەرفەتێک بۆ سیاسییەکان دێتە پێشەوە کە یەکتر ببینن و بیروڕا ئالوگۆڕ بکەن. وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانی جیهان و نوێنەرانی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی پایە بڵندی جیهان بەشداری ئەم کۆنفرانسە دەکەن، و سالانە نزیکەی ٥٠ کەس لە ٤٠ دەوڵەت بەشداری ئەم کۆنفرانسە دەکەن بۆ تاووتوێکردنی ئەلەنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی جیهانی ،بانگێشتکردنی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسەکە و ئەو پێشوازی و میواندارییەی لە وەفدی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئامازەی ڕوونن بۆ بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستان وەک هێز و قەوارەیەکی سەرەکی کە پشکی شێری هەیە لە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، و مانەوە و بەهێزی هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی بە نوێنەرایەتی جیهان گەورەترین هەڕەشەی سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی تێکشکاند و پێشمەرگە بوونە ناسنامە و قەڵغانی پاراستن و بەردەوامی ئارامی و سەقامگیری جیهان، جێگەی بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. و بێگومان هەڕەشەی داعش نێستاش بەردەوامە ، بۆیە هەرێمی کوردستان گرنگی زۆری هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی... کۆبونەوەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسەکە لەو ئاستە بڵندە لەگەڵ وزیر و کاربەدەستە دەستڕۆیشتووەکانی وڵاتانی زڵهێز بە تایبەتی دیدارەکانی بەڕێزیان لەگەڵ وەزیرانی وزە و بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا و کۆبونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕوسیا ، بەڵگەن لەسەر بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەرخەری گرنگی پێگەکەیەتی وەک هەرێمێکی خاوەن وزە و کۆزیدۆرێکی سەرەکی گەیاندنی وزە بە ئەورپا لە دوای تەنگەی هورمز... شارەزایان لە یاسای نێودەوڵەتی هەمیشە دەڵێین: بۆ ئەوەی دەوڵەتێک یاخود ڕێکخراوێکی ببێتە خاوەن کەسایەتی نێودەوڵەتی، پێویستە لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، کەواتە ئەم هەڵسوکەوتە نێودەوڵەتیانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئامازەن بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان خاوەن پێگە و کەسایەتییەکی نێودەوڵەتییە هاوشێوەی دەوڵەتە خاوەن

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای ماف دار ژمارەی نووسراو: ١٣٢٨٦٢ بەرواری نووسراو: ٢٠١٨/١٠/١٢ جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس شاصی/ سکس ویل دبل قەارە رەنگ کەسک مۆدێل ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٧٠٧١ کاتی دهوک ژمارەی لاشە شاصی: WDB9303243JL638550 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٨١٣٩ بەرواری ٢٠١٩/٩/٢٣ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی سەنگەر غفور اسعد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی کەسنەزان ژمارەی پسوولە ٠٦٠١١٦٨ بەرواری ٢٠١٦/٤/٤ بەبری ٣٤٢٠٠٠ بەناوی بەختیار صوفی حاجی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ئاگاداری

دیوانی چاودێری دارایی بەنووسراوی ژمارە ١٦٦/١/٢ لە ٢٠٢٠/٢/٤ گشتاندنی کردووە بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگە و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان بە کردنەوەی نووسینگەی چاودێری دارایی لەهەردوو پارێزگای دهۆك و هەڵەبجە و بەپێی ژمارە و پسپۆری دیارکراو لەدوو خشتەو فۆرمی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە کە دەتوانرێت وەربگیرێت لەدام و دەزگاکانی خۆیان کە بەنووسراوی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە بۆیان نێردراوە. جا هەر فەرمانبەرێك کە نیشتەجێی ئەم دوو پارێزگایەیە و مەرج و پسپۆرییە داواکراوەکانی تێدا بەدی دەکرێ و ئارەزووی گواستنەوەی راژەی هەیە بۆ ئەم دوو نووسینگەیە با (سیڤی) خۆی پێشکەش بەسەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی/ نووسینگەی سەرۆکی دیوان بکات یاخود بە(PDF) بۆ ئەم دوو ناونیشانەی خوارەوەی بنێرێن:

(Kurdistansupremaudit@gmail.com)

(Bosa.kurdistan@gmail.com)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٤٠٩٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٢

ئاگاداری

ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٤٠٩٣) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (هەردوو ئۆتۆمبێلی ژمارە ٢٨٨٨٩ و ١٣٥٣١ هەولێر/ تایبەت) قەرزار (١- پروین مصطفی داود ٢- احمد و علی و ناکام زینب) بەبری (٤٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (سوسن سلطان عبدالله) کە برەکەی (١٢٠٢٥٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کرێارە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/١٨٤٢

ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/١٣

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٦٠/٦١١ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار حسیب سعید عزیز کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هەژار شاکر یاسین بەبڕی/ ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر – نێرگز نزیك مزگەوتی ملا عبدالله

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لە چوار خانوو پێك دێت دوو خانووی وەك یەکن سێ نهۆم گراج یەك ژوور حمام و مرافق و دووەم سێ مطبخ ٣ ژوور حمام وە دوو خانووی تر یەك نهۆم (٢) ژوور حمام مرافق مدخل.

٥ – ڕووبەرەکەی/٣٩٦,٦٦ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار بەشی قەرزار

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر

ژمارە/٢٣٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٤

جاردان

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا المزایدە العلنیە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٢١/٥٠٥٨ کەرتی ٧٢ دارەتوو) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (عباس عبدالله احمد) بارمتەی خراوەتە سەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز مصرف الموصل لە جیاتی قەرزی عامر علی حسین بەبڕی/ ١,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٣٤٧ ك ١٥ گردەرەش اسعد

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لەسەر ڕووبەری ٢٧٨٨,٧٥م٢ تەنها بالەخانەیەك لە (١٠) نهۆم هەر نهۆمی لە (٤) شقە و هەر شقەیەك لە (٣) ژوور و حمام و مرافق و مطبخ

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٧٨٨,٧٥م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ شقەکان هاوڵاتی تیدان

٨ – نرخی قرساو/ ١,٨٩٠,٩٦٠,٠٠٠ یەك ملیار و هەشت سەدو نەوەد ملیۆن و نۆسەدو شەست هەزار دینار.

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٣٢/ب/١/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (المدیر المفوض لشرکة رولسن للاستثمار العقاری)

داواکار (جوان حمید محمود) داوای ژمارە ٣٢/ب/٢٠٢٠/١ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی تورەق) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٤ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت پاشملە.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای کار لە هەولێر

ژمارە/ ٨/ك مدنی/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو (عمر طلال حمید)

داواکار (رئیس جامعە جیهان) داوای ژمارە ٨/ك مدنی/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەبەر داوالێکراو عمر طلال حمید وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکیت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی تیراوە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێراگەیاندنت و ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت دەرحەقتان.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە

بەشی مولکایەتی

ژمارە/ ٤٨٠/١٠٩

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠

جاردان

سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە هەڵدەستێت بە گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی نەخشەی ناوچەی پیشەسازی نوێی بنەسڵاوە پەسەندکراوی ژمارە ٥٢٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ١/١٠٨٣٨ ك٨٦ بنەسڵاوە بەمەبەستی گۆڕینی شوێنی بەنزینخانە بۆ کارگەی پاککردنەوە هەرکەس ڕەخنەو پێشنیاری هەیە لەلایەن دەزگای میرییەکان و نیمچە میرییەکان با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی ناوبراو بکات لە ماوەی یاسایی کە ٣٠ ڕۆژە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم جارانە.

دارا عمر حسن

سەرۆکی شارەوانی بنەسڵاوە

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە/ ٤٩٤/ش/٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٢

جاردان

بۆ داوالێکراو (زبیدە مؤید عباس)

ئاماژە بە داوای ژمارە ٤٩٤/ش/٢٠٢٠/٣ کە تایبەتە بە داواکار احمد صباح جواد و داوالێکراو زبیدە مؤید عباس جۆری داوا (گوێرایەلی-مطاوعە) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی شاری زەیتون-دارەتوو، دادگا بڕیاریدا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٩ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لە جیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارە/ ٩٦٧/ش/٢٠١٩

بەروار/ ٢٠٢٠/١/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو بەختیار صافی تقی الدین شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار کوردستان جلال عثمان داوای ژمارە ٩٦٧/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کە تیایدا داوای (پژێوی) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی گەرەکی سێبەردان بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت ڕابگەیێنرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٩ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Night Drilling Supervisor-12 months fixed term
Work Location	Tawke
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Night Drilling Supervisor Supervises Wellsite Operations during the night shift during which period has responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

Please read more details on the job details on our website

Required Qualifications & Experience:

- 10 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of three years as Night Drilling Supervisor.A valid IWCF Certificate.
- H2S Awareness Training and Certification
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هەمیلا) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (هەمیلا) بۆ کۆمپانیای (تەلاری گرانە)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٠/١٧٧٢

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/١٦

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (١٥) پازدە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- ژمارەی مولك/ ٧٥/٨٣٤ ك ٤٤ وارش ڕووبەر/ ١٥٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ بازاری هاوچەرخ ماوەی بەکرێدان/ ٢٠ ساڵ

ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (گولی کوێستان) بۆ بازرگانی گشتی سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (گولی کوێستان) بۆ کۆمپانیای (وەشما)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/١٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ارام خالد سلیمان) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ئامێری مجموعەی بڕین و لوس کردن و صاف کردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی ایطالی، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٢,٢.
٢- ئامێری مشاری شقە بێ ژمارە دروستکراوی ایطالی، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣.
٣- ئامێری بڕین و صاف و لوس کردن دیل، بێ ژمارە دروستکراوی استرالی، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٢.
٤- دوو دانە کەتەری بڕینی دار بچووک بێ ژمارە دروستکراوی یابانی + صینی، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١x٢.
٥- مشاری بڕینی دار سێ بچووک بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالی، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١,١.
٦- کۆسەرەی جێگیر، ژمارە N٦٣٠٣٠٩ دروستکراوی یابانی، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ٥.
٧- مۆلیدەی کارەبا ژمارە L٢٣٠٢٨ دروستکراوی تونس، مۆدیلی ٢٠٠٥، جۆری سوتەمەنی گازوائیل، توانای کارەبایی K.V.A ١٢٥

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/١٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ب.ر.ك/ حسین محمد حسین/ کۆمپانیای التأمیم) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ئامێری C.N.C نەقش و کونکردنی ئاسن ژمارە ٨٧٠٣١٩٤٦٣ دروستکراوی تورکی، مۆدیلی ٢٠١٩، توانای کارەبایی A٢٢ شەش پارچەیی ٦x٢ م.
٢- ئامێری C.N.C نەقش و کونکردنی ئاسن ژمارە ٨٣٢٩١٩٤٢٧ دروستکراوی تورکی، مۆدیلی ٢٠١٩، توانای کارەبایی A٢٢ .
٣- پرێسی عملاقی ٣٠٠ طەنی ژمارە ٠١٧.BMBP دروستکراوی تورکی، مۆدیلی ٢٠١٦، توانای کارەبایی K.W٦٥ حەوت پارچەیی ١٤X٢,٥ م.
٤- پرێسی خوارکردنی لێوی سەروبنی تانکی ژمارە ٠١٥-BMB دروستکراوی تورکی، مۆدیلی ٢٠١٦، توانای کارەبایی K.W٦٠ .
٥- کرێنی سەقفی ١٥ طەنی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدیلی ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای کارەبایی K.W١٠ سەقفی.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/١٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ب.ر.ك/ عبدالخالق محمود صالح/ کۆمپانیای Drammen) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- سەرامەی وردکردنی پلاستیک بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠ گەورە.
٢- کەتەری بڕینی پلاستیک بێ ژمارە دروستکراوی تورکی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١.
٣- سەرامەی وردکردنی پلاستیک بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٤٠
٤- پرێسی کەپسکردنی نایلۆن بێ ژمارە دروستکراوی المانی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا هایدرۆلیک توانای کارەبایی k.w١٠ تێل لێدان.
ن- رافیعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی المانی، مۆدیلی ٢٠٠٠، جۆری سوتەمەنی گاز، توانای ٣,٥ طن.
٦- کەپسکردنی کارتۆن ژمارە ٣٢٤ واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- سەرامەی وردکردنی پلاستیک بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠ گەورە.
٢- کەتەری بڕینی پلاستیک بێ ژمارە دروستکراوی تورکی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١.
٣- سەرامەی وردکردنی پلاستیک بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٤٠
٤- پرێسی کەپسکردنی نایلۆن بێ ژمارە دروستکراوی المانی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی کارەبا هایدرۆلیک توانای کارەبایی k.w١٠ تێل لێدان.
ن- رافیعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی المانی، مۆدیلی ٢٠٠٠، جۆری سوتەمەنی گاز، توانای ٣,٥ طن.
٦- کەپسکردنی کارتۆن ژمارە ٣٢٤ دروستکراوی المانی، مۆدیلی ٢٠٠٤، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١٨,٥ گەورە.
٧- مۆلیدەی کارەبایی گاز کاتم بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی، مۆدیلی ٢٠١٨، جۆری سوتەمەنی گاز، توانای کارەبایی K.V.A ١١٠

***

انکۆی سەلاحەدین/ کۆلیژی زانستە سیاسیەکان
سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە/ ١/١/ر/٤٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ بەڕێز (م.ی.حسام صدیق نعمت)
بەناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر
بابەت/ بیرخستنەوە (اخطار)
لەبەر نەهاتنت بۆ دەوامی فەرمی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٧ تاکو ئێستا بەبێ هۆ و ئاگاداری ئێمە، بۆیە داوات لێدەکەین بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت لەماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێم بیت و لە ماەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەپێی برگەی ٢ لە مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ ڕاستکراو کۆتایی بە ڕاژەکەت دەهێنین و بەدەست بەدراربوون دەژمێردرێت.
پ.ی.د. اسود قادر احمد
ڕاگر بە وەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٧٣١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FAL TERONA)
بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (FAL TERONA) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٢) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (اشرف طارق جمیل) بە پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیا (FAL TERONA) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەركەسێك یان لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).

پاکتاوکار/ اشرف طارق جمیل

نانیشان/ هەولێر – بەختیاری

ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٦٠٧٦٠٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١١٢٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هەوراس سیامند اسماعیل) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

DNO

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Supply Chain Project Specialist - Baeshiqa
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

Lead the day-to-day operational SCM activities in support of Baeshiqa JV Project. Liaise with Senior Contract Engineers in Erbil & DNO Corporate to ensure contracts are developed & awarded for services for Baeshiqa. Liaise with SCM buyers to ensure all drilling, production and project material required for Baeshiqa including required transport are procured. Coordinate with SCM Kurdistan to make sure the supply chain function provides an efficient and compliant function support to Baeshiqa. Make certain the availability and provision of Logistics & Materials services in line with operational requirements, covering land transport, and warehouse / yard operations.

Required Qualifications & Experience:

- HND and/or Master, preferably technical or BA / MBA. 15+ years relevant experience;
- Good knowledge of Integrated Work Management System in Supply Chain;
- Demonstrable skills & experience in contract engineering, procurement, materials management & logistics for drilling, production & projects;
- Skills level of International Procurement Governance;
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Min 5 years working knowledge in more senior Supply Chain positions;
- Preference for CIPS (or equivalent) certification and experience with other International Oil & Gas Companies.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Well Intervention Engineer-12 months fixed term
Work Location	Tawke
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
Due to increased WS activity, DNO is now seeking an experienced Senior Completions, Workover and Well Intervention Engineer to work on 4 / 4 rotation.
The Senior Completions, Workover and Well Intervention Engineer will be joining an international dynamic working environment characterized by highly experienced, skilled and motivated employees. The successful candidate will provide engineering experience, expertise and well history check to WS Department to ensure the delivery of safe, effective Completion, Workover and Well Intervention solutions for the Iraq field development plan as per DNO standards.
Health, Safety, Environment and security are core values at DNO and are taken incredibly seriously.
The Senior Completions, Workover and Well Intervention Engineer will be responsible and accountable for preparation of completions, workover and well intervention programs in a fit for purpose manner and setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.
He / She oversees the planning, programming and finalizing of all WS related operational programs and provides technical and engineering support to WS Operations Team.
He / She liaises with Service Providers and Contractors with regards to inventory and equipment needs aligned with short- and long-term WS Workover Rig/Well scheduling and planning.
Office-based environment and occasional trips to the DNO fields in Kurdistan. If requires, He/ She may be asked to cover some jobs such as Pre-workover or standalone Rigless operations in rigless mode and / or at workover rig at expediency of the company.
Required Qualifications & Experience:
- Minimum 15 years' experience, including completions, workovers and well intervention operations as an Engineering level whereas at least substantial amount spent as supervisor level.
- Working knowledge of MS Word, Excel and Outlook.
- Must have a track record of recent experience as a Workover, Completions and Well Intervention Engineer.
- He / She must have good understanding of best industry practice on engineering of well integrity during completions and workover operations.
- He / She must have a strong background and experience in well testing and well intervention operations, including ability to solve complex problems in an innovative and cost-effective manner.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٩
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ب.ر.ك/سنگر هادی مولود/ کۆمپانیای Promise) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (گوندی ساتور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بڕیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و ڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم

ئامێرەکان:
١- شکاندنی کیسەی پاوەدر بێ ژمارە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١٥ قایش گواستنەوەی بطل.
٢- غەربیلی جیاکردنەوەی پاشاوە لە بوطل بێ ژمارە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١٥
ا- پاککردنەوەی لەزگە و لۆگۆی بطل بێ ژمارە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٥٠ قایش گواستنەوە و جیاکردنەوە.
٤- طاحونەی وردکردنی پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١١٠ قایش و بە رینە.
٥- حەوزی شوشتنەوەی پلاستیك و جیاکردنەوە بە ئاوی سارد ، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٢٠ بەرینە.
٦- دووداندە میکسەری شوشتن و تێکەل کردن دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٦٠ بەرینە و قایش.
٧- شوشتنی خێراو وشك کردنەوە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٤٠ .
٨- جیاکردنەوەی ڕەنگەکان دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠ .
٩- وشك کردنەوەی کۆتایی دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٢٢
١٠- فانی هەوایی دەفعی هەوا دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٧,٥x٥ K.W پێنج دانە k.w٧,٥
١١- کۆمپرێسەری هەوایی ٣ پارچەیی دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠
١٢- سیستەمی هێلی تەواوی هەڵم و بوخار دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠
١٣- فلتەری تصفیە کردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ٢.
با- تیژکردنەوەی تیغی کەتەرەکان دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w ٢٠.
١٥- شوشتنی ستونی دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠ .
٩- وشك کردنەوەی کۆتایی دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٢٢
١٠- فانی هەوایی دەفعی هەوا دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٧,٥x٥ K.W پێنج دانە k.w٧,٥
١١- کۆمپرێسەری هەوایی ٣ پارچەیی دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠
١٢- سیستەمی هێلی تەواوی هەڵم و بوخار دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠
١٣- فلتەری تصفیە کردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٣٠
٨- شوشتنی ستونی دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w٥,٥ عامودی.
ه- بۆردی کارەبایی پێنج چاوی هەوا دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا.
١٧- هۆپەری گواستنەوەی بوطلی پلاستیك دروستکراوی سینی، مۆدیلی ٢٠١٩، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی k.w١٠ بەرینە.
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ٤٥٠/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو / البراء عادل مناور
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٤٥٠/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ١٧٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو / جورج داود میا
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٧٧/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٧ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك سال بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ٢٣٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو / عبدالاله نعمت علي و احمد حسن منصور
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٣٥/ك/٢٠١٩ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٤ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك سال بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێنرێت بەپێی ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ٣ سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٨٩٤
ڕێکەوت /٢٠٢٠/٢/٤
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گروپ مللەت / بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموواركراو
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ١٠٦٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (پەرکانە) بۆ (بازرگانی گشتی و دابین کردنی کەرستەی بیناسازی/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ١١٢٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کالیان) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Drilling Supervisor
Work Location	Tawke
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Senior Drilling Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

Please read more details on the job details on our website

Required Qualifications & Experience:

• 20 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of 10 years as Drilling Supervisor.
• A valid IWCF Certificate.
• H2S Awareness Training and Certification
• Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Night Drilling Supervisor-12 months fixed term
Work Location	Tawke
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Night Drilling Supervisor Supervises Wellsite Operations during the night shift during which period has responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

Please read more details on the job details on our website

Required Qualifications & Experience:

• 10 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of three years as Night Drilling Supervisor.A valid IWCF Certificate.
• H2S Awareness Training and Certification
• Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
دووشەممە 2020/2/17 ژمارە (5934)
خەبات

دەوڵەتی سەرۆک وەزیران لە کۆنگرەی (میونشن) دا



یونس حەمەد ـ ئۆسلۆ

لە ناوەڕاستی مانگی فێبریێوەری هەموو ساڵێکدا شاری میونشنی سەر بە هەرێمی باڤاریای ئەڵمانیا میوانداری گەورەترین کۆنگرەی بەرگری و ئاسایش لە جیهاندا دەکات، هەموو ساڵ بەرپرسانی گەورەی وڵات وەک سەرۆک کۆمار و وەزیران و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و ئاسایش و ئابووری و ژینگە وێڕای کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و زاستی بەشداری تێدا دەکەن، ساڵ لە دوای ساڵ بەهۆی گۆڕانی خێرا لە ڕەوش و بارودۆخی جیهان، کۆنگرەی میونشن زیاتر بە بایەختر دەبێت، زووم و چاوەکان لەسەری هەڵوەستە دەکەن..

ئەوە بۆ چەندین جارە کوردستان ئەگەرچی دەوڵەتێکی دانپێدانراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە ، بەڵام ئامادەیی بەرچاوی هەیە چ لە پانێل و وتار یاخود دیدار و کۆبوونەوە ،بۆ ئەمساڵ دەوڵەتی سەرۆک وەزیرانی کوردستان مەسرور بارزانی سەرۆکایەتی شاندی کوردستانی کرد، بایەخ و ئەهمیەتی ئەمساڵی میونشن بۆ کوردستان یەکجار گرینگ بوو ، ڕەوشی جیهان لە هەموو ڕووێکەوە ئاڵۆزە و جێگای متمانە نییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لە قەیران و گرژی و جەنگ دایە ، گۆڕانی کەش و هەوای جیهان بە تایبەت ئەوروپا کاریگەری خستۆتە سەر ژیانی وڵاتان ، بەڕابوونی خێرایی ئەنفلۆنزای (کۆرۆنا) بەسەر وڵاتان مژار و کاخەزی گرینگی سەرجەم ئەو کۆبوونەوانەن کە سەرۆک وەزیرانی کوردستان بەشدارە و ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت، هۆکار و ئەهمیەتی بەشداریکردنی بارزانی لە کۆنگرەی میونشندا لە چەند تەوەر و ئاستێکدا بەرچاو دەخرێت ، لەوانە ڕۆڵی مەسروور بارزانی سەرۆک وەزیران لە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کوردستاندا خۆی لە خۆیدا ئەوە دەخاتە بەرچاوان کە هەرێمی کوردستان ئەگەرچی دەوڵەتی دانپێدانراو نیە ، کەچی لە زۆر ڕووەوە ئارام و سەقامگیرە بە تایبەت لەو ناوچەیەی کە هەر هەمووی گرژی و جەنگ و ئاڵۆزییە ، ئێران ، تورکیا و عێراق و لوبنان و سووریا و یەمەن تا دەگاتە وڵاتانی باکووری ئەفریقیا و لەولاشەوە ئەفغانستان و چەند وڵاتێکی ئاسیایی، جالێرەدا گرینگی بەشداریکردنی سەرۆک وەزیران لەوە بەرجەستە دەبێت کە ڕۆڵی لە بونیادنانی ئاسایش و ئاشتیدا هەیە و پرس و ڕا پێکردن بە بارزانی زیاتر متمانە دەداتە جیهان بە تایبەت لە ڕووی چەسپاندنی ئارامی ، دیدارەکانی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی جیهاندا لەوانە سەرۆک وەزیران و وەزیرە تایبەتمەندەکان ئەوە بە جیهان دەڵێت کە هەمیشە گوێگرتن لە بەرپرسانی کورد لەپێشەوەیان بارزانی دەتوانرێت جیهان بە تایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو ئاقارێکی پڕ ئارام و ئاسایش ببات . ڕووداوەکان خێراتر دەبینرێن ناوچەکە لە 2023 نزیک دەبێتەوە ،لێرەدا پێویستە جموجۆڵەکان بە ئەندازەیەک هەنگاو بنێن کە وەک 100 ساڵی پێشوو نەبێت ، چونکە لەو ماوەیەی ڕابردوودا یاخوود لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیان بەخش و زەرەرمەندی یەکەم کورد وەک نەتەوە و کوردستانیش وەک خاک بوو، جا بۆیە ئەم هەنگاوانەی ئێستا کورد دەیهاوێژێت بۆ بەرژەوەندی کوردە ،چونکە ئێستا کوردستان کاراکتەرێکی گرینگی ناوچەکەیە بە تایبەت لە ڕووی دابینکردنی ئاسایش ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە کە تەمەنی کۆنگرەی میونشنە کە ساڵی 1963 بە هۆی ڕێککەوتنێکی نێوان ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ دۆخی ئەمنی لە ئایندە دامەزرا و هاتە ئاراوە دەبینین لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆنگرەکە و پانێل و دیدارەکان دەرهاوێشتیەکی بەرفراوانتر بەخۆیەوە دەبینێت ، مەبەستیش لێی زیاتر لەیەک نزیکبوونەوەی جیهانە ، هەروەها زەنگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ وڵاتان بەوەی ئێستا سەردەمێکی جیاوازە لە سەردەمانی پێشوو و پێشووترا.



هەموویان داعشن ئەگەر ناوەکەشیان جیا بێت!



کیفاح مەحمود کەریم

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسدا، زۆربەمان قسە شمولییەکانی سەدام حوسێنمان بیر دێتەوە، جارێ کاتێ قسەی بۆ ژمارەیەک لە فەرمانبەران دەکرد و دەیوت:(هەر فەرمانبەرێکی دڵسۆز بەعسییە ، ئەگەر سەر بەو حزبەش نەبێت) یا لە وتەیەکی دیکەیدا دەیەت:(هەموو عێراقییەکان بەعسین هەتا ئەگەر ئینتیماشیان بۆ نەبێت) ئەو وتانەی سەدام، زۆر کەسی سەر بەحزبەکەی یا سەر بە حزبە قەدەغەکراوەکانی ئەو کات، وەک فریادڕەس بۆ خۆ دەربازکردن بەکاریان دەهێنا ، وەک بڵێی کەسانی سەر بە حزبەکەیان لەهەموو کەموکورتی هەڵەیەک پارێزراو بن ئەوندەی دڵسۆزی و نیشتیمان پەروەری بن، هەموو هەقیقەتەکان تەنیا لای ئەوانە ، ئەو خەسڵەتانە جەخت لە سەروەری و سەرکەوتنی ئەو چینە یا ئەو نەتەوەیە یا ئەو ڕەگەز و ئایین و مەزهەبە دەکاتەوە، ئا بەمشێوەیە خاوەن ئەو بیردۆزانە لە پێناو مانەوەی هەمیشەییان لە دەسەڵات هەمان ئەو وتانەیان بەبەردەوامی دووبارەیان دەکردەوە.

لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی هەر لە میسرو عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا و جەزائیر بگرە تا دەگاتە ئێران و تورکیا ئاستی ئەو قەوارە زۆرەی قوربانی و زیانە مەزنانەمان بینی کە بەهۆی خاوەنی ئەو بیردۆز و هزرانە لەو وڵاتانە کەوتەوە، کە تەنیا لە بیرۆکەی مەزهەبگەری شێتێکی دێکەیان بەدی نەکرد تا ئیمپراتۆریەتەکەیان کە زەمەن حوکمی لەناوچوونیانی دابوو سەر لەنوێ پێ دامەزرێننەوە.وڵاتە زلهێزەکان بەمەبەستی گۆڕینی ئەو سیستەمانە بەو ئومێدەی جێگرەوەکانیان لەبەڕێوەبردنی وڵات و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە پەیڕەوی ئەزموونی سیستەمی ئەورووپا بکەن، دەستیان لەو وڵاتانە وەردا، سەرەتا بە عێراق دەستیان پێ کرد، لە ڕووی سەربازییەوە هەیکەلی ئیداری ڕژێمی سەدام و حزبەکەیان ڕووخاند، بەنووکە پێنووسێکیش ئەو دامودەزگایانەیان پووچەڵ کردەوە کە هەر لە سەردەمی دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق لە بیستەکانی سەردەی رابردوو دەیەها ساڵ بوو لەکار دابوون، بەڵام ئەو هێزانە هەستیان بەوە نەکرد تەنیا ڕووخانی هەیکەلی حوکمڕانی بە مانای کۆتایی هاتنی هەموو ئەو کلتوور و ڕەفتارانە کە لەهزرو میشکی زۆربەی خەڵکەکە بە فەرمانڕەوا نوێیەکانیشەوە وەک کلس چەسپیوە هەرگیز لەگەڵ ئەو هزرانەی پەیوەندییان بە بنەما چەسپاوەکانی دیموکراتی نوێ و قبوڵکردنی خەڵکی دیکەو ڕێزگرتن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و یاساوە هەیە، ناگونجێن.پاڵپشتی کردن لە گەشەپێدانی ڕێککخراوی سەربازی لەدەرەوەی دامەزراوەی سەربازی لەلایەن دەسەلاتەوە، هۆکارەکەی هەر چییەک بێت، دەربڕی ئەم هزرەیە، بەم ڕێککخراوە چەکدارانەش کە ڕژێمی سیاسی لە تیرەو هۆزەکان بەمەبەستی بەدی هێنانی ویستەکانی جا لە ژێر هەر ناوێکەوە بێت دروستی دەکات، وەک ئەوەی ڕژێمی بەعس لەسەردەمی یەکەمیدا بەدروستکردنی حەرەس قەومی و لە سەردەمی دووەمیشیدا بە دروستکردنی جەیشی شەعبی و فەوجە جاشەکان لە کوردستان دەستی پێکرد، دوای نەمانی بەعس دەستکرا بە دروستکردنی میلیشیای چەکداری لەسەر بنەمای مەزهەبی.

ئەوەی ئەمڕۆش ڕووددات بە تایبەتیش سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق و پرۆسەی پاکتاوکردنی بەبەرنامەی چالاکوانەکان بە تاک و کۆ لە نێوخۆپیشاندەران، ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە ئێستاشی لەگەڵدابێت هزرەکەیان دیلی کلتووری داگیرکاری کە هەزارەها ساڵە کۆمەڵگا پێی گۆش کراوە، کودەتاکردن و میلیشیاکاری و کوشتن جارێ بە ناوی خوا جارێ بە ناوی نەتەوە بەرهەمی ئەو کلتوورەن لەسەری ڕاهاتوون. چالاکییەکانی قاعیدەو داعش و ئەو میلیشیایانەی نەک هەر لە عێراق بەڵکو لە هەر یەک لە سووریا و ئێران و لیبیا و یەمەن و لوبنان ئەنجامی دەدەن بەبێ لە بەدەرکردنی هیچ کامێکیان کۆپی هەمان کلتوورن و دەرچوونە لە یاسا جا لە ژێر هەر ناوێ یە پێکگونجانێک لە دەرەوەی دامەزراوەی سەربازیدا بێت، دڕێژپێدەری بیروهزری داگیرکاری بەربەریانەی تیرۆریستی داعشن، ئەگەر ناوەکانیشیان لێ جیا بێتەوە.

و: خالید گەردی

پێناسەی وڵاتان

سلۆڤاکیا




ناوی فەرمی: کۆماری سلۆڤاکیا.
کیشوەر ئەورووپا.
پێگەی جوگرافی: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و دراوسێی مەجەر و نەمسا و پۆڵەندا و چیک و ئۆکرانیایە.
دەسەڵات: کۆماری.
پایتەخت: براتسلاڤیا.
ڕووبەر: 48.845 کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتووان: 5.392.982 کەس.
ئاین: 82.5٪ کرستیان، 17.5٪ ئاینی تر.
دراو: کورۆنا.
زمان: سلۆڤاکی، مەجەری.





دیمەنێکی هەرە نوێی ئەستێرەی (بیتیلجیوز) گۆڕانی شێوەی ئاشکرا کرد



ڕۆژی هەینی رابردوو 2020.2.14)، ڕوانگەی فەلەکی مەزن) ی ئەورۆپی لە (بیابانی ئەتاکاما) لە (شیلی) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری وێنەگرتنی تیشکی ژێرەوەی سوور (VISIR) وێنەیەکی هەرە نوێی ئەستێرەی یەگجار زۆر مەزن و هەروەها ئاڵارامی ئەستێرەی (Betelgeuse)ی وەرگرت و کە بە مەودای 724 ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورەوە گۆڕانکارییەوکی نامۆی دەرخست لە شکڵ و شێوازی بە بەروازد لەگەڵ وێنەکانی وەرگیراو لە ساڵانی ڕابردوودا، ئەمە جگە لە نزمبوونەوەی یەگجار زۆری ئاستی ڕووناکییەکەی.

تاوەکو ئێستا هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی شێوازی ئەو ئەستێرەیە نازانرێت، بەڵام شک و گومانێکی زۆر هەیە دەربارەی فڕەدانی بارستەی مەزنی (تۆزوخۆڵی گەردوونیی) ییە کە دەرکەوت لە کانوونی یەکەمی 2019وە تا مەودایەکی یەگجار زۆر دەوری ئەستێرەکەی داوە، کە بەڕای فەلەکناسان، ئەوەیان قۆناغێکەو لە دوایدا ئەستێرەکە بارستاییەکەشی لەدەست دەدات و ئینجا لە پڕێکەوە لەسەر سۆنگەیەوە پسپۆڕان دەڵێن، ئەو گۆڕانەی بەسەر شێوەی ئەستێرەکەدا هاتووە لە دەرئەنجامی ئەو بارستە تۆوخۆڵە گەردونییە یەگجار زۆر مەزنەیە کە فڕیداوەو بۆتە هۆی شاردنەوەی بەشێک لە دیمەنەکەی.

لەپێناو گەیشتن بە دەگمەنترین ناوچەکانی، کەشتییەکی ئاسمانی بەرەو خۆر هەڵدەدرێت



ئاژانسی (ناسا) و (ESA) ی ئەورۆپی بە یەکەوە ئامادەکاری تەواوی کردووە بۆ هەڵدانی کەشتییەکی ئاسمانی نوێبەرەو خۆر، ئەمجارەیان بە ئامانجی تێپڕانینێکی قوواڵتر بۆ ناوچە جەمسەرییەکانی.

لەم پرۆژەیەدا پسپۆڕان هەوڵ دەدەن بۆ یەکەمجار لە میژووەدا بە وردترین و قوواڵترین شێوە بڕوانن ئەو ناوچەیە تا بزانن کەوا چۆن وەزی مەزنی خۆر کار لە هەسارەکەمان دەکات و لە ڕێگەی کێشانی نەخشەیەکی تەواو بۆ ناوچە جەمسەرییەکانی خۆر، پسپۆڕان زانیاری زۆر گرنگیان دەستدەکەوێت دەربارەی ئاست و هێزی ئەو تەنۆچکە بارگاویانەی کە تەنەکانی دیکەی دەرەوە کار لە سیستەمی خۆر دەکەن.

ناوی کەشتییەکە (SOLAR ORBITER) دە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو 2020.2.9 لە ڕێگەی مووشەکی (ATLAS 5) لە (بنکەی کیپ کەنەڤیراڵ) لە (فلۆریدا) هەڵدرایە بۆشایی ئاسمان و بۆماوەی 10ساڵ بەڕێوە دەبێت تا دەگاتە خولگەی دەستنیشانکراوی خۆی و بۆ نزیکبوونەوەی سوود لە هێزی کێشکردنی هەردوو هەسارەکانی (عوتارد و زوهرە) وەردەگرێت و لە کۆتاییدا لە دووریی 26ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دەست بە پرۆسەکانی کارکردنی خۆی دەکات.

(SOLAR ORBITER) 10 ئامێری زانستی لەخۆ دەگرێت کە گشتیان دەکەونە دواوەی (قەڵغانێکی گەرمیی گەورە) بە کێشی 147کیلۆگرام و لە ڕێگەی 3 پەنجەرەی بچووکەوە، سێ لەو ئامێرانە ڕوویان لە خۆر دەبێ و داتاو گۆڕانکارییەکانی تۆمار دەکەن.

ئاخۆ ئەو تەنە ئاسمانییە لە ڕووناکی خێراتر دەڕوا!

تا ئێستا هیچ تەنێکی نێو گەردوونی نییە کە خێراییەکەی لە خێرایی ڕووناکی زیاتر بێ واتە، 300 هەزار کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا، بەڵام بەم دواییە فیزیاناس و فەلەکناسان سەریان سوڕماوە لەو هەڵسوکەوتەی کە کونی ڕەشی ناوداری (M87) ئەنجامی دەدات، چونکە بە پێی پێوانەی خێرایی جوواڵەیی ئەو تەنە ئاسمانییە دەرکەوتووە کەوا گەیشتۆتە ڕێژەیەکی سەرسامکار.

لەو وێنەیەی کە تەلسکۆپی EVENT HORIZON لە مانگی نیسانی 2019 بۆ کونی ڕەشی M87وەدیگرتبوو و ڕەوانەی کردەوە، دەریخست کەوا تیشکی خاوەن وزەی یەگجار زۆر بەرزو ئەو مادانەی کە هەندێجار لە ناوچەرگەیدا فڕە دەدرێتە دەرەوە خێراییەکەی دەگاتە نێوان 2.4تا 6.3ئەوەندەی خێرایی ڕووناکی! کە ئەمەش پێچەوانەی هەموو ڕاستییە گەردوونی و فیزاییەکانە!.

(براد سنیۆس) لە (سەنتەری هارڤارد و سیمیتۆنیان بۆ فیزیای فەلەکیی) و بەشدارىوو لەو لێکۆڵینەوەیە گوتی: یەکێ لەو یاسانەی فیزیا کە لەنێو گەردوونداا ناگۆڕێت بریتییە لە خێراییەکی زیاتر لە خێرایی ڕووناکی، بەڵام ئەوەتا ئێمە لە بەرامبەر خەرتێکی ئەو یاسایەین و ناوبشمان ناوە (جوواڵەی لە ڕادەبەدەر).

جوواڵەی لە ڕادەبەدەریش کاتێک ڕووەدات کاتێک تەنێکی زۆر خێرا دەبینین نزیکە لە ئاستی بینینمان ئەمەش وامان لێدەکات هەست بەوە بکەین کەوا یاساکانی فیزیا دەبەزێنێ بە شێوەیەک لە شێوەکان چونکە سەرچاوەی ڕووناکییەکە بەردەوام دەردەچێتەوە لێی لەکاتی ڕوانگەکردنەکەدا.

خێراییە سەرسوڕهێنەرەکان لەکاتی تێپەڕبوونی تەنۆچکەکان بووە ئەوانەی کەوتوونەتە نێو دریژە شەپۆلە ڕادیۆییەکانەوە، بەڵام لەکاتی دۆزینەوەی دوو سەرچاوەی تەقینەوەی تیشکیی دەرچوو لە کونە ڕەشەکە لە دووریی نێوان 900 تا 2500 ساڵی ڕووناکیدا، پسپۆڕان توانیان بگەنە وەڵامی ئەو نهێنییە ئاڵۆزو سەرسامکارە.

بەرزترین پلەی گەرما لەمێژووی کیشوەری بەستووی باشوودا تۆمارکرا



لە پێشهاتێکی نوێدا، تۆژەرەوانی سەر بە (بنکەی جەمسەری باشوور) ڕایانگەیاند لەوەتای 60ساڵی ڕابردووی تەمەنی دامەزراندنی، ئەوا بۆ یەکەمارە بەرزترین پلەی گەرمای تیادا تۆمار دەکرێت.

(ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیی WMO) ش لەڵای خۆیەوە ڕایگەیاند کەوا بنکەی تۆژینەوەکانی سەر بە (ئەرجەنتین) پلەی 18.3 سیلیزیی تۆمارکردوە. کە ئەمە ئەمە تۆمارێکی نوێیە دوای تۆماری ساڵی 2015 کە گەیشتبووە 17.5 پلەی سیلیزیی.


"دەبێت ڕێکخراوەکە دڵنیابێتەوە لەو تۆمارە کە لەو بنکەیە تۆمار کراوە، ئەگەرچی ئەوەی تائێستا بینیومانە بە تۆمارێکی ئاسایی دوور لە هەڵەی تەکنیکی خۆی نیشانداوە"، لە زاری بەرپرسی ڕێکخراوی WMO(ڕانداڵ سیرقێینی).

تۆژەرەوان لە بنکەی (ئیسپیرانزا) لە (ئەرجەنتین) کە دەکەوێتە بەشی باکووری کیشوەری بەستووی باشوور، یان (ئەنتارکتیکا)، لەنزیک (ئەمریکای باشوور) لەساڵی 1961وە پلەی گەرمای ئەو ناوچەیە تۆمار دەکەن.

لەلای خۆیەوە (ڕێکخراوی WMO) ڕایگەیاندووە کەوا ئەو ناوچەیەی کە بنکەکەی لێیە لەنێوان ئەو ناوچانەیە لەجیهاندا خێراتر پلەی گەرمای تیادا بەرزدەبێتەوەو دەرکەوتووە لە 50 ساڵی ڕابردوودا 3پلەی سیلیزیی بەرزبۆتەوە. زانایان لەوباوەڕەدان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی هۆکاری توانەوەی بەستەڵەکە لە جەمسەری باشوور کە ئەوەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا.

لەلایەکی دیکەوە، تۆژەرەوانی بنکەی (مارامبێو) لە (ئەرجەنتین) دەڵێن، پلەی گەرما لەوێش بەرزبۆتەوەو گەیشتۆتە 14.1 پلەی سیلیزیی، کە بەرزترە لە ئاستی پلەی گەرمای تۆمارکراوی ساڵی 1971.

ئاوی بەستوو لەسەر دوو هەسارۆکەدا دۆزرایەوە



هەسارۆکەی ناسراو بە 24 Themis وەکو هەر هەسارۆکەیەکی دیکەی نیو سیستەمی خۆر ئەژمێردرا، بەڵام نەوەک دوای دۆزینەوەی بڕێکی زۆری ئاوی بەستوو - سەهۆڵ - لەسەر ڕووەکەیدا. تیرەی هەسارۆکەی 24 Themis دەگاتە 200 کیلۆمەتر و هێندەی پێنەچوو، هەمان تیمی فەلەکناسان توانیان هەر هەمان سەهۆڵ لەسەر ڕووی هەسارۆکەیەکی دیکە بەناوی 65 Cybeleدا دۆزییەوەو تیرەی ئەوەشیان 290 کیلۆمەترە.

هەردوو هەسارۆکە لەنێو ناوچەی ناسراو بە (پڕبێنی هەسارۆکەکان) ن کە دەکەوێتە نێوان خولگەی هەسارەی مەریخ و موشتەری. دوای ئەم دۆزینەوەیەش، پسپۆڕانی فەلەکناسی گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کەوا ڕەنگە بارستاییەکی یەگجار زۆری ئاوی بەستوو لەنێو ئەم پڕبێنەو لەسەر ڕووی هەسارۆکەکانیدا هەبێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەم دۆزینەوەیە بووە جۆرە پاڵپشتییەکی زیاتر بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ ئاوی سەر زەوی لە قۆناغەکانی سەرەتایی لە دایکبوونییەوە، لە ڕێگەی بەرکەوتنی ئەم هەسارۆکانە و کلکدارانەدا هاتبێتە ئاراوە.



ئەمڕۆ لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا

یاریگای فرەنسۆ هەریری یاریی نێوان شورتەی عێراقی و وەحدەی ئیماراتی لەئامێز دەگرێت

راهێنەری شورتە: تەنها بۆ بردنەوە یاری دەکەین

ئاسەرهەنگ تەجمەدین

ئەمڕۆ دووشەمە کاتژمێر 5ی ئێوارە لەقۆناخی کۆمەڵەکانی خولی پاڵەوانەکانی تۆپی پێی ئاسیا، هەردوو یانەی شورتەی عێراقی و وەحدەی ئیماراتی لەیاریگای نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری لەهەولێر بەیەک دەگەن، هەردوو یانە لەیاری ڕابردوو بەرامبەر یانەکانی ئیستقلالی ئێرانی و ئەهلی سعوودی بەگۆڵێک یەکسان بوون، بۆیە یاریییەکەی ئەمڕۆ تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ هەردوو یانە، بەتایبەتی بۆ یانەی شورتەی عێراقی کەیارییەکە لەنێو هاندەران و یاریگای فرەنسۆ هەریری یارییەکە ئەنجام دەدات ، هەموو پێشبینییەکان وای بۆدەچن کەشورتە نزیکترە لەبردنەوە، بەپێچەوانەی یانەی وەحدەی ئیماراتی.

دوو ڕۆژە زۆر بەچڕی یانەی وەرزشی شورتە لەیاریگای فرەنسۆ هەریری ئامادەکارییەکی تەواو دەکات بۆ ڕووبەروو بوونەوەی یانەی وەحدەی ئیماراتی، هەرچەندە یاریزان کەرار جاسم بەهۆی پێکانەوە لەپێکهاتەی تیپەکە دوورخراوەتەوە و ناتوانێت بەشداری یاریییەکەی ئەمڕۆ بکات، بەڵام ڕاهێنەری یانەی شورتە حسێن عەبدولواحید لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی کووڕە لەبارەی یاریییەکە دەڵێت: بێگومان ئامادەکارییەکی تەواومان بۆ یاریییە کردووە، پلانمان ئەوەیە تەنها بۆ بردنەوە و بەدەستهێنانی 3 خاڵی یاریییەکە یاری بکەین و چاومان تەنها لەبردنەوەی یاریییەکەیە، بەتایبەتی ئامادەبوونی جەماوەر و لەئامێزگرتنی یاریییەکانی یانەکەمان لە یاریگای یانەی هەولێر ئێمەی خۆشحاڵ و ئاسوودە کردووە کەئەوەیان پاڵنەرێکی گرینگە کەبتوانین لەیاریییەکەدا بەرانبەر وەحدەی ئیماراتی سەرکەوتن بەدەست بهێنین و پلەیەتی سەرکەوتن بەرەو قۆناخی داهاتوو مسۆگەر بکەین.

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە
جیمناستیکی چین لە پاڵەوانێتی جیهان کشایەوە

ڕێکخەرانی پاڵەوانێتی جیهانی جیمناستیک ڕایانگەیاند کە هەڵبژاردەی چین کە بڕیار بوو بەشداری ئەو پاڵەوانێتییە بکات، ناتوانن سەردانی ئوستڕالیا بکەن و لە پاڵەوانێتییەکە کشانەوە، ئەویش بەهۆی ئەو گرتنەبەری ڕیوشوێنە تونديی نێو فڕۆکەخانەکان لەلایەن حکومەتی ئوستڕالیاوە و لەبەر مەترسی گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئەو وڵاتە.

ڕێکخەرانی پاڵەوانێتی جیمناستیکی جیهانی ئەوەشیان بڵاوکردەوە کە هەڵبژاردەی ئافرەتانی چین لە مانگی ڕابردووەوە گەشتی ئوستڕالیایان کردووە و ئەگەرچی ئەوان بەشداری دەکەن بەڵام تەواوی ئەو شانەی لەڕێز پاراستنی تەندروستیدان و ڕێگەیان پێنادرێت بچنە دەرەوە تا ئەوکاتە لە واوە دیاریکراوەکە دڵنیا دەبن کە هیچ مەترسییەکیان لەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەسەر نییە.



بەهۆی سوکایەتی کردن بە هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە
چاوەڕوان دەکرێت یاریزانێکی تۆتینهام سزا بدرێت



دوای ئەوەی دیلی ئالی ئەستێرەی یانەی تۆتینهامی ئینگلیزی لە سناپ چات گرتەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە هاوشێوەی خەڵکی چین و ئاسیا ماسکی پاراستنی لە دەموچاوی کردبوو، ئەمە بووە مایەی نیگەرانی خەڵکی ئاسیا و بەوە لێکدرایەوە کە ئەمە سوکایەتی بە هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کردووە و پێویستە سزا بدرێت.

ئەگەرچی هەر ئەو یاریزانە دواتر داوای لێبوواردنی کردووە، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کردۆتەوە و ئەگەر ئەم گرتەیە بچێتە خانەی سوکایەتییەوە، ئەوا ڕیوشوێنی پێویستی بەرامبەر وەردەگیرێت و سزایەکی توند دەدرێت.

جاریکی دیکەش ئەکاونتی بەرشلۆنە هاککرایەوە



چێڵسی لە سێ بەردا دەجەنگێت



یانەی چێڵسی ئینگلیزی ئێستا لە سێ بەردا دەجەنگێت و بڕوایەکی تەواوی بەخۆی هەیە کە لەو جەنگانە سەرکەوتوو بێت.

نگۆڵۆ کانتی یاریزانی ئەو یانەیە دەڵێت: یانەکەمان توانایەکی باشی هەیە کە خۆ بەدەستەوە نەدات و دەجەنگین تا ئەوکاتەی خۆمان لە چوارگۆشەی زێڕینی حوڵی ئینگلیزی دەبینینەوە و هەروەها لە خوڵی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپاش سەردەکەوین.

یانەی چێڵسی ئێستا لە سێ بەردی جەنگدایە لەوانە چوارگۆشەی زێڕینی خوڵی ئینگلیزی هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرامبەر بایرن میونشن لە خوڵی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، لەگەڵ جامی یەکێتی ئینگلیزی.

دۆپلانتیسی سویدی ڕیکۆردێکی جیهانی تۆمار دەکات



ئەرمان دۆپلانتیسی وەرزشوانی سویدی لە خۆهەڵدان توانی ڕیکۆردێکی جیهانی تۆمار بکات، کاتێک لە یاریییەکانی گلاسکۆدا توانی 6.18مەتر خۆی هەڵبدات.

دۆپلانتیسی تەمەن 20 ساڵان و پاڵەوانی ئەورووپای 2018و هەڵگری میدالیای زیوی پاڵەوانیتی جیهانی 2019 لە دۆحە، توانی ئەو ڕیکۆردە بشکێنێت کە لە ساڵی 2014ەوە بەناوی ڕینۆ لافلینی فەڕەنسییەوە بوو کە 6.16 مەتر خۆی هەڵدابوو، کە هیچ ڕکابەرێکی نەبوو چونکە سام کندریکسی ئەمریکی نەیتوانی 6 مەتر خۆی هەڵبدات و بەم تۆمارکردنەی ڕیکۆردەش توانی 30هەزار دۆلار بەدەست بهێنیت و ڕیکۆردەکە بەناوی ئەوەوە بمێنیتەوە.

کۆنتی هێرش دەکات سەر بەرشلۆنە

لە وەڵامی ئەو پروپاگندانەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یانەی بەرشلۆنە گفتوگۆی لەگەڵ لاوتارۆ مارتینیز کردووە تا هاوینی داهاتوو ببیاتە ڕیزەکانیەوە، ئەنتۆنی کۆنتی ڕاهێنەری ئینتەر میلان گوتی: ئینتەر دەزانی لە میرکاتۆچ دەکات و وەکو یانەکانی دیکە نییە و ئەو گفتو گۆیانەی دەگوترێ هیچ بەهایەکی نییە، پێویستە یاریزانامان زۆر گوێ بەمانە نەدەن و بیریان لەسەر یاریییەکانەوە بیت.

هەروەها ئەو ڕاهێنەرە زیاتر گوتی: ئەوەی چاوی ببڕیتە مارتینیز ئەوا پێویستە 111 ملیۆن یورۆی لەبەردەست بیت، چونکە ئەو یاریزانە خاوەن شان و سەرێکی بەتوانایە.

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
The.17. Feb. 2020 No: (5934)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هەولێر.. شانۆیی سێیەری چیا نمایش دەکرێت

بەرهەم شێخ عزەدین:
ڕاگەیاندنی شانۆی هەولێر بەخەباتی گوت:وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر ،بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ،شانۆیی:(سێبەری چیا)نمایش دەکات، ئەم شانۆییە لە نووسین و دەرهێنان: (هیوا سوعاد یونس و نواندنی: ڕۆزانا فەرهاد، ویلان سدیق، شەیما فریاد، ڕوونـاکی: هیوا عەلی، جێبەجێکاری موزیک: بێزار سلێمان، دیکۆر: ڕەشید تارق، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان: سەلام باپیر، پڕۆمۆ: ئادەم ئەیام، پۆستەر: شاهین نەجمەددین)ە.
جێی ئاماژەیە شانۆیی (سێبەری چیا)وابڕیارە ڕۆژی سێشەممە 18/ 2/ 2020 ڕۆژانی دوایی کاتژمێر 5ی ئێوارە نمایش بکرێت ، لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر -ڕێگای کەرکووک .





کورد گەورەترین میللەتی بێ دەوڵەت لە جیهان

لەکتێبێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی کورد شۆڕش عزیز سورمێ و پرۆفیسۆری ئیتاڵی لۆرێنزۆ گوێلا دا

لەم ڕۆژانەدا کتێبێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی کورد شۆڕش عزیز سورمێ و پرۆفیسۆری ئیتاڵی لۆرێنزۆ گوێلا بڵاوکرایەوە، بە ناونیشانی (کورد گەورەترین میللەتی بێ دەوڵەت لە جیهان، کە میژوو خیانەتی لێ کردوە) بە زمانی ئیتاڵی لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (Book Sprint) چاپکراو کەوتە بەر دیدی خوێنەران.بەشی یەکەم و دووەمی کتێبەکە باس لە میژووی گەلی کورد و کارەساتی کیمیاباران و تراژیدیای (ئەنفال) دەکا ، بەشی سێیەم کورتەیەک لەبارەو ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد دەکات ، بۆ ئەم بابەتە سوود لە کتێبەکەی کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی پارێزەر(هەژاری عزیز سورمێ) وەرگیراوە کە بە دریژی لە ڕووی قانوونییەوە باسی جینۆسایدی گەلە کوردی کردووە و ساڵی 1996 چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە و وەرگێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیش کراوە. بەشی چوارەمیش بییۆگرافیای ژیان و بەسەرهاتەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنوسی کورد شۆرش عزیز سورمێ دەکات لە هەندێک وێستگەی ژیانیدا بەتایبەتی لەو ڕۆژگارە سەختانەی دووچاری بۆتەوە لە دەربەدەربوون و دەربازبوون لە بۆمبارانکردنەکانی ناوچەی گەڵاڵە دوای بە بنبەست گەیشتن و شکستهێنانی ڕێککەوتنامەکەی ١١ی ئازار ساڵی ١٩٧٤ . جێی باسە پرۆفیسۆری ئیتاڵی لۆرێنزۆ گوێلا پێشەکییەکی شایانی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە .

دەرهێنەرێکی کورد یەکەم نمایشی لەسەرئاستی هەموو جیهان نمایش کرد




یەکەمین دەرهێنەری کورد لەسەر ئاستی هەموو جیهان نمایشی شانۆیی لەسەر نەخۆشی کۆرۆنا نمایش کرد کە تێیدا زیاتر لە سی شانۆکاری کچ و کوڕ وڵاتی تونس و لیبیا و جەزائیر و شانۆکاری دیاری تونس (کەمال ئەبو زەید) بەشداربوون ئەم نمایشە باس لە نەخۆشیە کوشندەکەی وڵاتی چین دەکات بە ناونیشانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆرۆنا)دا کە تازەترین بەرهەمی دەرهێنەر (نەژاد نەجم)ە کە دەرهێنەر و ئەکتەری دیاری کەرکووکە. بەتایبەت بانگێشت کرابوو بۆ فستیڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆی شەقام لە لە وڵاتی تونس و لە شاری قیتا ر دەرهێنەر توانی تەنها لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕێگەی ڤڕکشۆپەوە ڕاهێنان بە شانۆکاران بکات و شانۆکە نمایش کات ئەم نمایشە بووە مایەی سەرەنج دانی بینەر و بایەخدانی وڵاتانی ترکە لە فستیڤاڵەکە بەشدار بوون و هەر پاش نمایشەکە چەندین وڵات ڕاستەوخۆ داوایان لە (نەژاد)کرد کە ئەم ئەزموونە بەو وڵاتانە بگەیەنێت.

ئا/خالدار قەوالی



پایتەختی نەورۆز.. لەباوەشی بەفردا

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی
هەمور دوشەمەیەک دەینووسێت

وەک ئاشکرایە، لەدنیای ئێستادا، ریکلام پانتاییەکی زۆر گەورەی لە بواڕەکانی میدیای دا داگیرکردووە، کۆمپانیای زەبەلاح لەو بواڕەدا هەموو توانایان بەگەڕ خستووە، جوان ناشرین دەکەن و بەپێچەوانەوەش، بەئایشکردنی جل و بەرگی ژنان(بیلامانێ) پیرەمێردان بەزەوق دێنن، سفرە و خوانی واپیشان دەدەن کە ئاو دەڕژێتە ناو دەمتەوە، چ کەلوپەل و خواردەمەنی ماوە بەسەرچوو هەیە، ئەوها پیشانی خەڵک دەدەن کە حەزیان بچێتێ، پیرەمێرد و جوامێری وا بەهەلەکەسەما دەخەن کە مرۆڤ شەرمیان لێ دەکات.
ئیتر ئەوە دونیای عەولەمەیە و تاسەر بمێنێ عەیب نەبێ قوون عاجباتیان دەبینێ، تاکە ریکلامێک کە زۆر سەرنجی راکیشاوم و لێی تێناگەم، ریکلامی سەر پاکەتی جگارەیە، وێنەی سینگ و هەناوی ڕەشداگەڕاو، ژووری ئینعاش و عەمەلیات، سۆندەی ئۆکسجین، پیشانی ئێمە دەدەن، ئێمەش تەقەی سەرمان دێت.
وای بۆ دەچم، ئەمە لەدوو حاڵەت بەدەر نیە، یا ئەوەتا جگارە بەو ڕادەیە خەتەر نیە، یان کۆمپانیاکان ئێمە بەگەمژە دەزانن و لەوە دڵنیان ئەگەر بشمرین هەر جگارە دەکێشین.